# ئالوودەبوویەک

# بە مادده بێهۆشکەرەکان

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی گیرفانی ژمارە (١٢٦)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

www.serdem.net
kteb@serdem.net

د. جون ج. تايلور

# ئالوودەبوويەك

# بە مادده بێهۆشكەرەكان

وەرگێڕانی بۆ كوردی:

لوقمان غەفوور

سلێمانی ٢٠١٣

سەرچاوە:
عقول المستقبل
د. جون ج. تايلور
ترجمة: د.لطفي فطيم
الفصل السابع ص١٣٣
دار النشر: عالم المعرفة-الكويت

ناوی کتێب: ئالوودەبوویەک بە ماددە بێهۆشکەرەکان
نووسینی: د. جون ج. تایلور
وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: لوتفی فەقیم
وەرگێڕانی بۆ کوردی: لوقمان غەفوور
بابەت: زانستی
دیزاینی ناوەوە: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ١٠٠٠ دینار
چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٣
کوردستان ــ سلێمانی
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان ژمارە (١٤٨١) ی ساڵی ٢٠١٣ پێدراوە
مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# پێشەکیی وەرگێڕی کوردی

ئەمڕۆ مەسەلەی مادده بێهۆشکەرەکان لە جیهاندا بووەتە گرفتێکی سەرەکی و کەم وڵات هەیە لە دنیادا بە دەستییەوە نەناڵێنن. بە پێی ڕیزبەندییەك کە بۆ عیراق کرابوو، لە ساڵی (٢٠٠٠)دا عیراق یەکێك بووە لەو وڵاتانەی پاکترین وڵات بووە بۆ نەبوونی، یاخود بەکارنەهێنانی ئەم ماددانە لە وڵاتدا، بەڵام ئەمڕۆ عیراق بە تایبەتی بووەتە مەڵبەندێکی گەورە بۆ سەرفکردن تێیدا و بەکارهێنانی لەلایەن گەنجانەوە، تەنانەت هەرێمی کوردستانیشی تەنیوەتەوە.

بوونی، یان بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان دیاردەیەکی جیهانییە و بۆ سەردەمی جیهانگیری دەگەڕێتەوە، زۆربەی پسپۆڕانی بواری پزیشکی و سایکۆلۆژی پێیان وایە زۆربەی کۆمەڵگەکان تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، بەڵام ئەوانەی تووش بوون چییان بۆ

بکرێت، یان چۆن بتوانرێت گەنجان و لاوانی ئەو وڵاتە ڕزگار بکرێن لە بەکارهێنانی؟ زۆربەی پسپۆڕان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی باشترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم حاڵەتە، هۆشیارییە. هۆشیارکردنەوەی گەنج لە زیانەکانی ئەم ماددانە.

ماوەیەکی زۆرە ڕووپەری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە جێی باس و خواستی باند و تاکەکەس بۆ بەکارهێنانی ئەم حاڵەتە، ڕەنگە بازرگانیکردن بەم ماددانەوە لە هەرێمی کوردستاندا کارێکی قورس بێت، چونکە یەکەم: ئێمە خۆمان خاوەنی دروستکردنی، یان بەرهەمهێنانی ماددەکە نین، دووەمیشیان: هەرێمی کوردستان لە ڕووبەرێکی بچوکدا دەسوڕێتەوە و خواردنەوەی کحولییەکانیش ڕووبەرێکی فراوانی لەلای گەنجان دروستکردووە، جگە لەو ئاسایشە توندوتۆڵەی لە ئارادایە، بۆیە ئەوەی دەکرێت ببێتە جێگەی قسە لەسەرکردن، بەکارهێنانیەتی، لێرەشدا ناتوانرێت ڕێگرییەکان ١٠٠٪ بن و کۆنترۆڵ بکرێت، بۆیە باشترین حاڵەت، کە دەتوانرێت گەنجانی پێ هۆشیار بکرێتەوە، ئەوەیە کە ڕوون بکرێتەوە ئەو ماددانە زیانیان و مەترسییەکانی چین؟

ئەم هەوڵە لە دووتوێی ئەم کتێبی گیرفانەدا، کە بەشێکە لە کتێبی (عقول المستقبل)ی د. جون ج. تایلور و د. لوتفی فەتیم کردوویەتی بە عەرەبی و لە زنجیرەی کتێبەکانی (عالم المعرفە)دا کە لە کوەیت دەردەچێت، ئەم بەشەی لە چوار تەوەردا خۆی دەبینێتەوە. مەترسی و جۆرەکانی ماددە بێهۆشکەرەکان و نیشانەکانی ئالودەبوون، چارەسەرکردنی ئالودەبوون، بەکارهێنانی هەندێك ماددەی بێهۆشکەر لە چارەسەرکردنە سایکۆلۆژییەکاندا.

لوقمان غەفوور

٢٠١٣/٤/١٨

سلێمانی-هەرێمی کوردستان

# ئالودەبوویەك
# بەمادده بێهۆشکەرەکان

هەموو کردارێك لە ژیاندا ژمارەیەك چالاکیی کیمیایی لەخۆ دەگرێت، سەرچاوەی کۆتایی ئەو وزەیەش، کە پاڵ بەو چالاکییەوە دەنێت لە خۆرەوە دەستمان دەکەوێت، واتە بەهۆی کرداری ڕۆشنەپێکهاتنەوە ڕووەك دەتوانێت شەکر و نیشاستە و مادده ئەندامییە پێویستییەکانی دیکە بۆ ژیان دروست بکات و گیانەوەران لە ڕێگەی خواردنی ئەو ڕووەکانەوە، یان گیانەوەرانی دیکەوە ئەو وزەیەی لە خواردنی ڕووەکەکانە وەریگرتووە، بەکاردەهێنن.

کاتێك بوونەوەری زیندوو تووێشووی پێویستی لەو وزەیە دەستناکەوێت، ناتوانێت لەمانەوە بەردەوام بێت و بە ڕێگە سروشتییەکەی خۆی کارناکات و بێبەشبوونی بەردەوامیش لە وزە دەبێتە هۆی مردن. پێش گەیشتن بەم کارەساتە لەوانەیە ژمارەیەك گۆڕانی توند لە ڕەفتاردا دەربکەوێت، لە مرۆڤدا کاریگەریی

فرەجۆری ڕەفتاری لەگەڵدا دەبێت، بۆ نموونە بەڕۆژووبوون (نەخواردنەوەی ئاو و نەخواردنی نان) بەتایبەتی بۆ ماوەی زۆر لەوانەیە ببێتە هۆی وڕێنەکردن.

لە چاخەکانی ڕابردوودا لەگەڵ بێبەشبوون لە خەوتن، ئەم ڕێگەیە بەکارهاتووە بۆ وەرگرتن و تێپەڕبوون بە شارەزاییە سۆفیگەری و غەیبییەکاندا، نموونەی بەناوبانگیش لەسەر ئەمە "یەسوعی" مەسیحە، کە دەڵێت چل شەو و ڕۆژ لە کێو بەڕۆژووبووە، هەوەرها قەشە لوقا نووسیویەتی و دەڵێت: (چل ڕۆژ ڕووبەڕووی ئیغرای شەیتان بووەوە و لەو ماوەیەدا هیچی نەخوارد، کاتێك ماوەی ڕۆژوگرتنەکەی تەواو بوو، جارێکی دیکە بەڕۆژووبووەوە).

کەواتە ڕۆژووگرتن دەبێتە هۆی، یان کاردەکات بۆ فراوانبوونی توانای وڕێنە و بینینی خەون، زۆر لە ئایینەکان بۆ یارمەتیدانی گەیشتن بە پلەیەکی باڵا لە غەیب، بەکاریان هێناوە، هەروەها بە جۆرێك لە سزای خود و لۆمەکردنی دادەنرێت. ئەم جۆرە ڕۆژووە لە (ڕۆژووگرتنی گەورە)دا ڕوودەدات و پێش بوون بە

مەسیح (لە لای مەسیحییەکان) و زۆربەی کات ئەوانەی دەبن بە گاور، هاندەدرێن یان فەرمانیان پێ دەکرێت بە درێژایی ئەو ڕۆژەی بوون بە "گاور" خواردن و خواردنەوە نەخۆن و بەڕۆژووبن.

وزە ئەو هێزەیە گشت کارلێکە کیمیاییە جیاوازەکان، کە هاوکاتن لەگەڵ کردارە زیندەییەکان، دەجولێنێت، هەروەها دەکرێت لە ڕێگەی هۆکاری دیکەوە کار بکرێتە سەر هەندێك لەو کردارانە، واتا جگە لە کەمکردنەوەی بڕی ئەو وزەیەی زیندەوەری زیندوو لە ژینگەکەی وەری دەگرێت. هەندێك جۆری ماددە کیمیاییەکان، کە زیندەوەر دەیانخوات کاریگەرییەکی توندی دەبێت و دەگاتە ئاستی کوشتن، وەك لە حاڵەتی زۆربەی جۆرەکانی ژەهر، کە کاردەکەنە سەر مرۆڤ، هەروەها ژمارەیەك ماددەی کیمیایی فرەجۆر و بەرفراوانیش هەن کە هەڵمژینیان کاریگەریی توند و خراپی کەمترە، بەڵام بەهێزە و دەتوانێت وڕێنە و خەونبینین دروست بکات، کە ڕۆژوو دروستی دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی گۆڕانی فسیۆلۆژیی توندی لەگەڵدا بێت، وەك لە کاتی ڕۆژوودا ڕوودەدات، لە کۆمەڵگەکانی خۆرئاوادا بەکارهێنانی ئەم دەرمانان،ە یان خراپ بەکارهێنانی بەتایبەتی لەنێو هەرزەکاراندا، بڵاوە.

مرۆڤ ماوەی دوورودرێژ بەر لە مێژوو هەندێك لەو دەرمانانەی وەك "هیرۆین، ئەفیون، کۆکاین، ماریجۆنا و مسکالین"ی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان لەو کاتانەدا دەرنەکەوتوون و تازەن، وەك حەپەکانی **L.S.D** و باربیتورات. ئەم حەپانە لە توانایاندایە بوارێکی بێشومار لە کارتێکردنە خۆییەکان دروستبکەن. سەلمێنراوە توانایەکی تایبەتی هەیە بۆ ڕاکێشانی ئەو مرۆڤەی کە بە شوێن شارەزایی نوێدا دەگەڕێت، یان شارەزاییە ئاساییەکانی بەرفراوان دەکات، تا ئاڕاستەیەکی نوێ بەرەو هەمان جیهانە کۆنەکە وەربگرێت و بدۆزرێتەوە، چونکە لەژێر کاریگەریی ئەو شارەزاییەدا، یان ئەو (گەشتە)دا کە تاك لەگەڵ حەپێکی گونجاو لەو حەپانە بەسەری دەبات، تێڕوانینی بۆ واقیع بەرفراوان دەبێت، بە شێوەیەك ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە شارەزاییەکانی ڕابردووەوە دەکات. بەو مانایە ئەم حەپانە لەوە دەچێت ئەو ئامانجەیان هێنابێتە دی، کە ولیەم بلیکی شاعیر هەوڵی بۆ دەدا، کاتێك وتی: (ئەگەر دەرگاکانی درکپێکردنم خاوێن کردەوە، هەموو شتێك بۆ مرۆڤ بە حەقیقەتەکەی خۆی دەردەکەوێت...).

دەتوانین مادده ورياكەرەوە باوەكان بۆ چوار جۆر دابەشبكەین: ئەفیونەكان، خەولێخەرەكان، هەژێنەرەكان و ورێنەپێكەرەكان.

كاریگەرغی ئەم چوار جۆرە كاتێك تاك دەكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە، زۆر جیاوازە لە ڕووی ئەو گۆڕانەوە كە لە باری ئەقڵی تاكدا دروستی دەكات، هەروەها لە ڕووی ئەو كاریگەرییانەشییەوە كە لە دوایدا بەجێی دەهێڵێت. ئەوەی لێرەدا بە لامانەوە گرنگە ئەوەیە، هەندێك لەم مادده بێهۆشكەرانە دەبنە هۆی ئالودەبوون، واتا لە دوای چەندجار وەرگرتنیان، یان خواردن و كێشانیان جۆرێك لە ئارەزووكردن بۆیان پەیدا دەبێت، هەروەها لەوانەیە لە ئەنجامی وەرنەگرتنی كتوپڕی ماددەیەكی بێهۆشكەردا، وەڵامدانەوەی درامی، یان كوژەر ڕوو بدات، واتا وەستان لە وەرگرتنی لە دوای بەردەوام وەرگرتنی بۆ ماوەیەك.

نیشانەكانی ئالودەبوون و وازهێنان لە حاڵەتی ئەفیون و خەولێخەرەكاندا مەترسییەكی زۆری هەیە، لە كاتێكدا گۆڕانەكان لە ڕەفتاری كردەیی لە باری ورێنەپێكەر و هەژێنەرەكاندا زۆر توندترە.

له واقیعدا لەم سەردەمانەی دواییدا ژمارەی تاوانی ئەو کەسانەی لەژێر کاریگەریی حەپی L.S.Dدا ئەنجامیان دەدا، زۆر زیادی کرد، بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە بیروبۆچوونی وەها لەلایان دروست بوو، کە بووە هۆی وەڵامدانەوەی توند دژی زۆر لایەنی جیاوازی کۆمەڵگەی هاوچەرخ. لەوەدەچێت لەژێر کاریگەریی ماددەی بێهۆشکەری وەك حەپەکانی وڕێنەپێکەردا ئەم وەڵامدانەوانە دوو هێندە بن و زیاد بکەن و ئەو کەسانە تاوانی کوشتن ئەنجامدەدەن، بە بڕوای خۆیان کۆمەڵگە خاوێن دەکەنەوە. لەبەر ئەمانە زۆر پێویستە لە ڕۆڵی ئەم ماددە بێهۆشکەرانە تێبگەین، کە لەم توندوتیژییەدا دەیبینن، هەروەها لە لایەکی دیکەوە تێبگەین لە کارتێکردنی بۆ سەر ڕەفتاری گشتیی تاك، بەڵام وەك پێشتر وتمان، کاریگەریی ئەم ماددە بێهۆشکەرانە فرەجۆرن، لەبەرئەوە وا پێویست دەکات هەریەکە لەم دەرمانانە بە تەنها باس بکەین.

ئەفیونەکان، ئەفیون و مۆرفین و کۆکاین و هیرۆین دەگرێتەوە، کە هەموویان پەیوەندیی توندیان بە ئەفیونەوە هەیە و کۆنترین ئەو ماددە بێهۆشکەرانەن کە مرۆڤ پێیان ئاشنا بووە، لە ڕێگەی وشککردنەوەی

ئەو ئاووگە شیرییەوە دروستدەبێت، کە کیسەکانی گوڵی خشخاش لە کاتی بڕیندا دەریدەکەن. ئەم ڕووەکە لە خۆرهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست گەشە دەکات. بۆ ماوەی چەند سەدەیەك ئەفیون وەك تاکە هۆکارێکی کارا بۆ هێورکردنەوەی ئازار بەکاردەهێنرا، هەروەها بۆ مەبەستی خەولێخستن بەکاردەهات.

پێکهاتەی کارا لە ئەفیوندا ئەو مۆرفینەیە، کە مێژووی دەرهێنانی بۆ ساڵی ١٨٠٣ دەگەڕێتەوە، بۆ هێورکردنەوەی ئازار لە ئەفیون کاراترە، بە تایبەتی ئەگەر بە دۆزی(ژەمی) بچووك بەکارهات، بەڵام وەرگرتنی بە دۆزی گەورە دەبێتە هۆی خەوێکی قووڵ و تەنانەت لەهۆشچوون و وەستانی هەناسەدان بەهۆی ئەو دابەزینەوە، کە تووشی ناوەندی هەناسەدان دەبێت لە مێشکدا، هەروەها مۆرفین دەبێتە هۆی ڕشانەوە و دڵتێکهەڵاتن و قەبزی، بەڵام کوکاین دەرمانێکی دیکەیە لە ئەفیوندا هەیە، لەبەر ئەوەی کاریگەرییەکەی لە مۆرفین کەمترە، زیاتر بۆ هێورکردنەوەی ئازار بەکاردێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەوپەڕی بەئاگاییەوە بەکاربهێنرێت، چونکە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانیدا دەبێتە هۆی تووشبوون بە ئالودەبوونێکی بەهێز وەك مۆرفین و ئەفیون.

لەگەڵ ئەو مەترسییە ئاشکرا و شاراوانەی ئەم دەرمانانەدا، ئەفیونەکان بە تایبەتی  هیرۆین لە جیهانی خۆرئاوادا بازاڕیان گەرمە و لەبرەودان، بەتایبەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لەنێو هەرزەکار و مێردمنداڵاندا بڵاوبوونەوە و کێشانیان زۆر بووە. ژمارەی ئالودەبووان لەسەر هیرۆین لە مێردمنداڵ و هەرزەکاراندا بە تەنها لە نیویۆرك لە ساڵی ١٩٧٠دا بە بیستوپێنج هەزار مەزەندەکراوە. ئەو ئالودەبووانەش لە هەرزەکاران کە بەهۆی هیرۆینەوە گیانیان لەدەست داوە لە ساڵی ١٩٦٩دا گەیشتووەتە ٢٢٤ حاڵەت و پچووکترینیان تەمەنی دوانزە ساڵ بووە، لە چارەکی یەکەمی ساڵی ١٩٧٠دا بەلایەنی کەمەوە بە هەمان هۆکارەوە ڕۆژی حاڵەتێکی مردن تۆمارکراوە.

د.لوریا سەرۆکی لیژنەی بنبڕکردنی ئالودەبوون لە نیۆیۆرك پێشبینیی کردووە لە ماوەی دوو ساڵدا هەموو قوتابخانە و کۆلێژێك لەو وڵاتەدا گەرداوی هیرۆین دایپۆشێت، ئەمەش زۆر تووشی ناڕەحەتیم دەکات.

ئەم ماددە بێهۆشکەرە مەترسیدارە کە دەبێتە هۆی ئالودەبوون کتوپڕ و بە شێوەیەکی ترسناك و بێ هیچ پێشەکییەك بڵاوبووەوە.

د. جودیانا دنسن گربر پزیشکی نەخۆشییە ئەقڵییەکان سەرپەرشتیی دامەزراندنی چەند لێنۆڕگەیەکی ئالودەبوونی لە نیۆیۆرك و دەوروبەریدا کردووە و دەڵێت: "ئەو ئالودەبوونەی بەهۆی هیرۆینەوە ڕوودەدات و پەرەدەسێنێت، بە شێوەیەکە ناتوانین هیچی بەرامبەر بکەین، داوای یارمەتیمان لەو شارانەوە لێدەکرێت، کە هێندە پچووکن ناتوانین لەسەر نەخشە بیاندۆزینەوە، ئەو کۆمەڵگەیانە کڵێسای زۆریان تێدایە و خەڵکەکەی هەمووی یەکتری دەناسن، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵەکانیان لە خوێندنگە دواناوەندییەکان، هیرۆین بەکاردەهێنن"، هەروەها لە بەریتانیاش لەسەر هیرۆین ئالودەبوون بڵاوبووەوە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی پچووکتردا. هیرۆینی چینی دەفرۆشرا کە تێکەڵەیەکە لە هیرۆین و کافایین، لە هۆنگ کۆنگ بە شێوەیەکی نایاسایی و بە بڕی زۆر، سەری هەڵدا، هەروەها وا پێدەچێت هەر "سێ" ئالودەبوویەکی نوێ لە بەریتانیا، بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی ساڵێکدا دووانی دیکە بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، چونکە لە ماوەی ئەو دوو دەیەی

کۆتاییدا، ژمارەی ئالودەبووان هەر هەژدە مانگ جارێك بووەتە دوو ئەوەندە.

پێش ساڵی ١٩٥٠ ژمارەی ئالودەبووان لە ئینگلتەرا بە نزیکەیی لە ١٥٠ کەسدا جێگیر بوو. ئالودەبووەکان لە ڕێگەی چارەسەری پزیشکییەوە بە مادده بێهۆشکەرەکان ئاشنا بوون، یاخود خۆیان پیشەکەیان پزیشکی بوو، بە ئاسانی دەیانتوانی ماددەی بێهۆشکەریان دەست بکەوێت. ئەم خەڵکانە بە یارمەتیوەرگرتنی هیرۆین بە شێوەیەکی سرووشتی کارەکانیان لەناو کۆمەڵدا بەڕێوە دەبرد. ئالودەبووانیش ئاشکرا نەبوون، واتا پێیانەوە دیارنەبوو، بەڵکو لە زۆر حاڵەتدا ئەو مادده بێهۆشکەرە یارمەتیی دەدان لەو دڵەڕاوکێ زۆرە ڕزگارییان بێت، کە کارەکانیان بۆی دروست دەکردن. هیرۆین چارەسەرێکی سەرکەوتوو بوو بۆ گیروگرفتەکانی ژیانیان، هەروەها لەوانەیە ئەمە بۆ ئالودەبووە کەمتەمەنەکان لە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕاست بێت، بەڵام ئەمڕۆ بانگەشەی ئالودەبوونیان دەکەن و وای لێ دەکەن دەیکەنە شێوازێك بۆ ژیانیان و لەوە دەچێت هەر ئەمەش بێت ڕاکێشانی نوێ بە مادده بێهۆشکەرەکان ببەخشێت.

لە واقیعدا لەوانەیە وەرگرتنە سەرەتاییەکانی دەرزیی هیرۆین بە هیچ شێوەیەك خۆش نەبێت، هەروەها پشبەستنی بەهێز بە ماددە بێهۆشکەرەکان ڕوونەدات لە دوای وەرگرتنی نیو پێوەر لە هیرۆین لە ڕۆژێکدا و بۆ ماوەی هەفتەیەك بۆ نموونە، تەنانەت ئەگەری ئالودەبوون بە تەواوی بە دڵنیایی زۆر دوورە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەسی ئالودەبوو چێژی گەورە لە وەرگرتنی بێهۆشکەرەکە نابینێت، بەڵکو چێژێکی باشی لێ وەردەگرێت، لەوانەیە هاوتای چێژەکانی هەست بێت.

د. نیزواندر وەسفی وەڵامدانەوەی ئالودەبوویەك دەکات، کە چێژلێوەرگرتنێکی گەورەی پێوە دیار بووە، کاتێك چارەکێك لە پێوەری هیرۆینی لە ڕێگەی خوێنهێنەری ملەوە وەرگرتووە و وتویەتی: "ئەمە ئەو هۆکارەیە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت و دەیهێنێت بۆ زیندان، ئەگەری ئەوە هەیە توندیی ئەو خۆشی و چێژە لە هەموو چێژێکی ناسراو لە لای غەیری ئالودەبووەکان زیاتر بێت، لەوە دەچێت ماددە بێهۆشکەرەکان وەك ئاڵتەرناتیڤێك بۆ سێکس بەکاربهێنرێت". د. هوفمان-یش دەڵێت: "زۆر گوێمان لە ئالودەبووان دەبێت بە دەستەواژەی سێکسی وەسفی

کاریگەریی دەرزیی مادده بێهۆشکەرەکان دەکەن، یەکێك لەو ئالودەبووانە لە دوای دەرزیی مادده بێهۆشکەرەکان وتویەتی: وا هەست دەکەم لە هەموو کونەکانی لەشمەوە تۆواو فڕێ دەدەم".

یەکێکی دیکە دەڵێت: "ئەوەی هەستی پێدەکەم وەك دەستپەڕ وایە و زۆر لەویش باشترە"، بەڵام زۆربەیان تەنها هەست بە خۆشییەك لە گەدەیاندا، یان بێهۆشییەکی بە چێژ و حەوانەوە دەکەن. لەوەدەچێت پلەی هەستکردن بە چێژ لە لای کەسی ئالودەبوو بە ئەفیون بە شێوەیەکی زۆر پشت بە کەسێتییەکەی ببەستێت، چونکە کەسی ئاسایی کە دڵەڕاوکێ و خەمی زیادەی هەڵنەگرتووە، لەوانەیە تەنها هەست بە کاریگەرییەکی دەروونیی کەم بکات، بەڵام ئەو کەسەی دڵەڕاوکێ پەرێشانی کردووە، پەنا دەباتە بەر هیرۆین، یان مۆرفین بۆ کوژانەوەی ئەو دڵەڕاوکێیەی، چونکە ئالودەبوو دەگاتە حاڵەتێك لە خۆشی و لەشسووکی بەهۆی مادده بێهۆشکەرەکەوە و لەوکاتەدا ئەو گیروگرفتانەی ژیانی، کە هەستیان پێدەکات و ناتوانێت چارەسەریین بکات، ئەو بایەخەی نامێنێت. ئەمەش لە کاریگەریی کارای ئەم مادده بێهۆشکەرانە دەچێت، کە ئازار دەشکێنێت و ئەو کەسە بە بەکارهێنانیان ئازاری

نامێنێت. سەرەڕای ئەوانە کرداری ئالودەبوون پاڵ بە کەسی ئالودەبووەوە دەنێت هەموو کاتەکەی تەرخان بکات بۆ گەڕان بە شوێن ئەو پارەیەدا، کە بۆ دەرزیی داهاتوو پێویستە بیدات و پاشان دەستکەوتنی دۆزێکی دیکە و دوایی دووبارەبوونەوەی هەمان سرووتی دەرزییەکە، چونکە جیهان داخراو و نائاسایشە بۆ کەسی ئالودەبوو، بە تەواوەتی لە کۆمەڵگە کشاوەتەوە و وای لێ هاتووە بەدەست تیری بێبەختییەوە دەناڵێنێت، بەڵام ئالودەبوو ناتوانێت بە تەواوەتی لە کۆمەڵگە دابڕێت، چونکە دەبێت پارەی دەستبکەوێت لە پێناوی دەستکەوتنی ماددەی بێهۆشکەری دیکەدا و هەمان ماددەی دەستبکەوێت. لە بەریتانیا ئالودەبوو خۆی وا دەردەخات کە نەخۆشە و بڕێکی دیاریکراوی لە بێهۆشکەری بۆ سەرف دەکرێت، ئەم ڕێوشوێنە دەگرێتەبەر بۆ خۆپاراستن لەو ئەنجامانەی کە ئالودەبوو بەهۆیەوە وەك تاوانبارێك دەرکەوێت، لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش بە هەمان شێوە، خراپ بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان، کە بە تاوان دادەنرێت دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی نرخی ئەو ماددانە لە بازاڕی ڕەشدا، بە شێوەیەك ئالودەبوو بێهیوا دەبێت کە بە ڕێگەیەکی شەرعی پارەی پێویستی بۆ کڕینی

دەستبکەوێت، لەبەر ئەوە هەردەبێت بەرەو تاوان هەنگاو بنێت (بە زۆری پەنا دەباتە بەر دزیکردن بە زۆر یان ڕووتانەوە) بۆ دەستکەوتنی پارەی پێویست.

لەوە دەچێت دوو هۆکاری سەرەکی بۆ بەردەوامبوونی ئالودەبوو لەسەر وەرگرتنی ماددە بێهۆشکەرەکان هەبێت، یەکێکیان توانای لەبیرچوونەوەی خەمەکانیەتی لەژێر کاریگەریی بێهۆشکەرەکەدا، ئەمەش پەیوەندیی بەتینی بەو ڕۆشنبیرییە لاوەکییەوە هەیە، کە ئەم ئالودەبووانە دروستی دەکەن، چونکە شێوەی داستانی و شێوازی ژیانی ئالودەبوو لەسەر هیرۆین ئەفسانەیەکی هەیە لەلایەن ئەم کەسانەوە بەرگری ناکرێت، بەڵکو هێزەکەی دەگاتە ئاستێك بەشێك لەم کەسانە کە بە ئالودەبووان ناونراون، لە واقیعدا ئالودەبوو نین، بەڵکو چێژ لەو ژیانە وەردەگرن بە هەموو بار و سرووتەکانییەوە، چونکە ئالودەبووی ڕاستەقینە بۆ ڕزگاربوون لە خەمەکانی بە تەنیا پشت بە ماددە بێهۆشکەرەکان نابەستێت، بەڵکو ناچارە بەردەوام بێت لەسەر وەرگرتنی، چونکە ئەگەر وا نەکات، بە دەست نیشانەکانی پاشەکشێ و وەرنەگرتنی ئەو ماددانەوە دەناڵێنێت، کە زۆر خراپن و ئەم نیشانانە خراپتر دەبن تا ماوەی وەرگرتنی ماددە بێهۆشکەرەکان

درێژەبکێشێت، چونکە لە دوای هەفتەیەك، یان نزیکەی هەفتەیەك لە وەرگرتنیان، ئەم نیشانانە لە نیشانەکانی نەخۆشیی ئەنفلۆنزا خراپتر نابێت، بەڵام درێژیی ماوەکە دەبێتە هۆی وەرگرتنی شارەزاییەکی خراپ لە سەری، تەنانەت پزیشکەکان ڕاهاتوون لەسەر بینینی ئازار و ئەشکەنجەی ئەو کەسانە، کاتێك ئەو ماددانە وەرناگرن، ئاسایی لە دوای دوانزە سەعات لە وەرگرتنی دوا دەرزی دەست پێ دەکات.

د. ڕوبەرت ڕوب دەڵێت: (ئالودەبوو بە گشتی هەست بە لاوازی دەکات، باوێشك دەدا و لە یەککاتدا دەلەرزێت و ئارەقە دەکاتەوە، لە چاویەوە بۆ لووتی شلەیەکی ئاوی دێتەخوارەوە، لە هەندێکیاندا وا دەزانرێت ئاوێکی گەرمە لە دەمەوە دێتەخوارەوە).

لە ماوەی چەند سەعاتێکدا بە شێوەیەکی نائاسایی دەروونی دەگۆڕێت و بە شێوەیەکی پچڕپچڕ بە بێ حەوانەوە خەوی لێ دەکەوێت، لە کەسانی ئالودەبوودا بە خەوی (بیرکردن، یان بێبەشبوون) دەناسرێت. لە کاتی بەخەبەرهاتندا ئاسایی دوای ١٨ یان ٢٤ سەعات لە وەرگرتنی دوا دەرزی، ئالودەبوو دەستدەکات بە چوونە ناو قۆناغی خوارتر لە ئەشکەنجەدانی خۆی،

باوێشکدانی هێندە بەهێز دەبێت، شەویلگەی لەجێ دەچێت و شلەیەکی لینج لە لووتییەوە و فرمێسك بە چاویدا دێتە خوارەوە، ڕەشێنەی چاوی گەورە دەبێت و مووی پێستی ڕەپ دەبێت و پێستی ساردییەکی تا لەرزین سارد دەبێت و ئالودەبووان پێی دەڵێن (مریشکی ڕووتی سارد)، کە هەمان ئەو ناوەیە بە چارەسەری ئالودەبووان دەوترێت بەهۆی کشانەوەی، یان وازهێنانی کتوپڕ لە وەرگرتنی ئەو ماددە بێهۆشکەرانە.

ئەشکەنجەکانی ئالودەبوو دوای ئەمانە زیاتر دەبێت و ڕیخۆڵەی دەست بە جووڵەیەکی توند دەکات و دیواری گەدە شەپۆل لە دوای شەپۆل گرژبوونی تووش دەبێت و دەبێتە هۆی دەرپەڕینی ڕشانەوە، زۆر جاریش دڵۆپە خوێنی پێوە دەبێت. گرژبوونەکانی ڕیخۆڵە هێندە توند دەبێت، سەر ڕووی سك شەپۆلدار و گرێگرێ دەبێت بە شێوەیەك دەڵێی چەند مارێك لە ژێر پێستی سکییەوە زۆرانبازی دەکەن. ئازاری سك زۆر خراپ دەبێت و بە خێرایی زیاد دەکات، تووشی سکچوونی بەردەوام دەبێت، زیاتر لە شەست جار لە ڕۆژێکدا.

له دوای سیوشەش سەعات لە خواردنی، یان وەرگرتنی دواژەم، کەسی ئالودەبوو دەکەوێتە حاڵەتێکی خراپەوە، بەزەیت پێیدا دێتەوە. لە کۆششکی نائومێددا هەوڵ دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سەرمایەدا کە لەشی گرتووەتەوە خۆی گەرم بکاتەوە، هەرچی شتێکی داپۆشینی دەستبکەوێت لەشی خۆی پێ دادەپۆشێت و دەیدا بە خۆیدا، لەشی بە شێوەیەکی توند دەلەرزێت، قاچەکانی بە بێ ویستی خۆی بەریەك دەکەون، ئەم حاڵەتە نهێنیی گوزارشتی باوە لە نێو ئالودەبووەکاندا.

لە ماوەی ئەم کشانەوە، یان وازهێنانەیدا ئەم ئالودەبووە داماوە هیچ ناحەوێتەوە و خەوی لێ ناکەوێت، ئەو گرژبوونە ماسوولکەییە بە ئازارەی تووشی بووە وای لێ دەکات بەبێ پچڕان لەسەر جێگەکەی ئەمدیو و ئەودیو بکات. هەندێکجار هەڵدەسێت، هەندێکجاری دیکە دەڕوات، یان لەسەر زەوییەکە ڕادەکشێت. ئەگەر ئەو کەسە خۆی مرۆڤێکی زۆر بە ویقار نەبێت (دەگمەنە ئالودەبووی بە ویقار هەبێت، چونکە کەسی بە ویقار هەرگیز نابێتە نێچیری ئەفیون)، ئەو شوێنە پڕدەکات لە هاوار و قیژەی کلۆڵییەکەی خۆی.

دەردراوە ئاوییەکان بە لێشاو لە چاو و لووتی دەڕژێن و بە شێوەیەکی بێشومار دێنە خوارەوە، بەڵکو بڕی ئەو شلانەی کە لە گەدە و ڕیخۆڵەیەوە دەردەچن بە شێوەیەکی زۆر زۆرە کە بڕواناکرێت. تەنها ئەو ئارەقە زۆرەی دەیکاتەوە و لەشی دەریدەدات، بەسە بۆ تەڕکردنی هەموو جێگە و نوێنی ئالودەبوو، لەم قۆناغەدا بە ڕوخساری ڕیشی هاتووی فەرامۆشکراوی و پیسییەکانی دەورپشتی و ئەو بۆنە ناخۆشانەی لە ڕشانەوە و پیساییەکەی دەردەچێت، وای لێ دەکات بگاتە پلەیەکی نامرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی خواردن و خواردنەوە ناخوات بە خێرایی لاواز دەبێت و لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا نزیکەی دە ڕەتڵ لەدەست دەدات و دەگاتە حاڵەتێك لە لاوازی و بێهێزی، بە شێوەیەك بە ڕاستی ناتوانێت سەری بەرزبکاتەوە، نەك وا خۆی پیشان بدات. کەواتە لەبەر ئەوە جێگە سەرسوڕمان نییە زۆربەی پزیشکەکان لەم قۆناغەدا لە ژیانی نەخۆشەکانیان بترسن و خێرابکەن لە دەرزیلێدانیان بە ماددە بێهۆشکەرەکان، کە دەستبەجێ یەکسەر هەموو ئەم نیشانە ترسناکانە نامێنێت.

د.هاریس ئیبزبل نووسیویەتی (شارەزاییەکی درامییە کە پزیشك پێیدا تێپەڕدەبێت، کاتێك تێبینیی

نەخۆشێکی داماوی ئومێدبڕاو دەکات، کە دەرزیی مۆرفین لە ڕێگەی خوێهێنەرەوە وەردەگرێت، پاشان لە دوای سێ دەقیقە دەبینرێت ڕیشی تاشیوە و پاکوخاوێنە و پێدەکەنێت و نوکتە و قسەی خۆش دەکات)، بەڵام دەرچوونی لەم دۆزەخە کورتخایەنە و ئەگەر دووبارە ماددەی بێهۆشکەر وەرنەگرێتەوە، دوای ماوەیەك لە ٨-١٢ سەعات هەموو نیشانەکانی لەسەر دەردەکەونەوە، ئەگەر ئەو نەخۆشە وازی لێ هێنرا و ماددەی بێهۆشکەری پێ نەدرا، ئەو نیشانانە لە ڕۆژی شەشەم، یان حەوتەمدا خۆبەخۆ نامێنن، بەڵام لە بارێکی ئومێدبڕاو و لاوازی و تورەییدا دەژی و هیچ بڕیارێکی پێ نادرێت و زۆربەی کات تووشی هەوکردنێکی قوورسی کۆلۆن دەبێت.

ڕاستییەك زیاددەکەم بۆ ئەوانەی باسمان کردن، هەریەکە لە ژن و پیاو لە خراپترین بارەکانی کشانەوە و وازهێناندا تووشی حاڵەتی ئۆرگازم دەبن، لەبەر ئەوە لەوە تێدەگەین بۆچی ئالودەبوو بە لایەوە باشترە تاوانێك بکات بۆ ئەوەی لەسەر ئالودەبوونەکەی بەردەوام بێت، چونکە ئەو کەسە تەنانەت پێش دەرکەوتنی نیشانەکانی وازهێنانیش تووشی ئەو دۆخە بووە، چونکە کاتێك ئاستی بێهۆشکەرەکە بۆ ئاستێکی

دیاریکراو لە خوێن دادەبەزێت، تووشی دڵەڕاوکێ و پاڵنەر و ئارەزوویەکی بەهێزدەکات بۆ وەرگرتنی ماددەی بێهۆشکەری زیاتر.

ئاشکرایە ئەم دوو کاریگەرییە: ئارەزووکردن و پێویستی بۆ دوورکەوتنەوە لە نیشانەکانی کشانەوە و وازهێنان وادەکەن وەستاندن و وازهێنان لەسەر ئالودەبوون ئەستەم و قورس بێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە توانرا بەسەر ئالودەبوونەکەدا زاڵ بێت و ئالودەبوونەکە بوەستێنیٚ، ڕێژەیەکی گەورە لە گەڕانەوە بۆ ماددە بێهۆشکەرەکان هەر دەمێنێت، لەگەڵ مەترسیی تووشبوون بەو نەخۆشییانەش کە بەهۆی لاوازی و کەمیی بەرگرییەوە و دەرزیی پیسەوە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبنەوە، بەڵام ئەو کەسەی کە لە دوای ئالودەبوون باش دەبێت و چاکدەبێتەوە، ئەگەری ئەوەی هەیە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆی. ڕێژەی ئەوانەی بە تەواوەتی، یان بۆ ماوەی دوورودرێژ لە ئالودەبوون ڕزگاریان دەبێت، ڕێژەیەکی زۆر نزمە، تەنها ١٠٪ی کۆی ئەو کەسانەیە کە لە وەرگرتنی بێهۆشکەرەکان بە تەواوەتی دەوەستن.

پێش ئەوەی بتوانین بە تەواوەتی بگەین بە چاکبوونەوەی کۆتایی لە ئالودەبوون، وا پێویست دەکات چارەسەری ئەو تێکدەرە دروستانە بکەین کە هاوکاتن لەگەڵ ئالودەبوونەکەدا، چونکە لە دوای ئەوەی ئالودەبوو لە وەرگرتنی بێهۆشکەرەکان دەوەستێت، پێویستە چاودێرییەکی تایبەت دابین بکرێت بۆ یارمەتیدانی ئەم کەسە، کە پێشتر ئالودەبووە و پەیوەندییەکی مانادار لەگەڵ خەڵکانی چواردەوریدا دروستبکاتەوە، هەروەها وای لێ بکرێت هەست بە ناسنامەی خۆی بکاتەوە و ڕووبەڕووی ئەو گیروگرفتانە بێتەوە کە لەکۆمەڵدا تووشی دەبن. ڕەنگە لە هەندێك حاڵەتدا نەتوانرێت ئەمە بەدیبهێنرێت، بەڵکو دەڵێن هیرۆین یاریدەدەرێکی گەورەیە بۆ ڕێگەگرتن لە تەقینی مێشك لە لای ڕێژەیەك لە ئالودەبووان، هەروەها ئەوەش ڕاست نییە کە ئالودەبوون لەسەر هیرۆین هەر بە مردن کۆتایی دێت، چونکە لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە زیاتر لە نیوەی ئالودەبووان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ماوەیەکی کورت لە ژیانیاندا ئەفیون بەکاردەهێنن، دوور نییە لە کۆتاییدا ئەم ئالودەبووانە بگەنە جۆرێك لەکامڵی، کە وایان لێ دەکات پشت بەو ماددانە

ببەستن، بەڵام ئەو تەمەنەی ئەم جۆرە کامڵبوون و پێگەیشتنەی تێدا دەردەکەوێت، لەوەدەچێت پشت بەو تەمەنە ببەستێت کە ئالودەبوونەکەی تێدا دەست پێ دەکات، هەرچەندە تا ئالودەبوون لە قۆناغێکی زووتری تەمەندا بوو، ئەوەندە پشتبەستن بەو بێهۆشکەرانە درێژەدەکێشێت.

دابەزینی ئەو تەمەنەی کە بەکارهێنانی بێهۆشکەرەکانی تێدا دەست پێ دەکات لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بەڵگەیەك دادەنرێت بۆ تەشەنەکردنی ئەو دڵەڕاوکێییەی لە نێو هەرزەکاران و گەنجاندایە و لەوانەیە بەکارهێنانی هیرۆین بە بڕی گونجاو کەمی بکاتەوە، ئەگەر کارەکە بەمشێوەیە بێت ئەوا بەکارهێنانی هیرۆین لە زۆر شوێنی جیهاندا بەهۆی لەیەکچوونی بارودۆخی هەرزەکاران لەم تەمەنەدا، زیاتر بڵاودەبێتەوە. ئەگەری ڕێگری و وەستاندنی بڵاوبوونەوەی ئەم ماددانە ڕوونادات، تەنها بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی سزایی توند نەبێت، یان لە ڕێگەی ڕوودانی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە بارودۆخی پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا نەبێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکان ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ پەنای بۆ چارەسەری یەکەمیان برد و ئاشکرایە ڕێکەوتی هیچ سەرکەوتنێکی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا گومانی تێدا نییە دەوڵەتانی دیکە هەر پەنا بۆ هەمان چارەسەرکردن دەبەن و هەمان شێواز بەکاردەهێنن کاتێك کارەکە دێتە سەر ئەو وڵاتە و تاعونی هیرۆین هێرشی بۆ دەبات، کە ئێستاکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای گرتووەتەوە. ئەگەری زیاتری ئەوەیە هەروەك ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەو وڵاتانەش ڕێکەوتی سەرکەوتن نەکەن، بۆیە تاکێکی ئالودەبوو وا پێویست دەکات لە ناوجەرگەی ماڵەکەیدا هێرش بۆ سەر نەخۆشییەکەی، یان باری ئالودەبوونەکەی بەرێت، بارودۆخەکان بەتایبەتی فشارەکانی کۆمەڵگە پێویستە لەسەر هەرزەکار گۆڕانیان بەسەردا بهێنرێت، پێش گەیشتن بە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە. بۆ ئەمەش وا پێویست دەکات گۆڕانی ڕیشەیی لە خودی کۆمەڵگەدا بکرێت، بەڵام ئایا ئەم فشارانە تەنها هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوەی زۆری وەرگرتنی هیرۆین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان؟ لە کاتێکدا وەرگرتنی هیرۆین لە نێو ئەو چینانەدا بڵاودەبێتەوە، کە باری بژێوییان مامناوەندە... کەواتە ئەو هۆکارەی باسکرا تاکە

هۆکار نییه، بەڵکو تۆخمێکی دیکە هەیە، ئەویش تێپەڕینە بە ئەزموونەدا.

د. یوجین سونفیلد بەم وتەیەی ئەم بارە لێکدەداتەوە: (وەرگرتنی هیرۆین لە نێو تازەپێگەیشتوواندا پلەی هەیە، چونکە وای دادەنێن کاتێك هاوتەمەنەکانیان ئەو ماددەیە دەکێشن ئەوا ڕێزی ئەمان ناگرن و ئەمانیش تووشی مەترسی و دڵەڕاوکێ دەبن، بۆیە خواردنی مەترسیدارترین بێهۆشکەر ڕێگەیەکە بۆ دەستکەوتنی ئەو ڕێزە. لەوانەیە ئەمە پەیوەندیی متمانەپێکراوی هەبێت بۆ جیهانی گەورەکان، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە دووڕووییەی بەرامبەر بە بێهۆشکەرەکان و کهول و شێوازەکانی دیکە لە بوارەکانی ڕەفتاردا هەیانە. ئەگەر کارەکە بەم جۆرە بێت، ئەوا ئەم هۆکارە بۆ سەر هۆکارەکانی دیکەی پێشوو زیاد دەکەین، کە بانگەشەیە بۆ گۆڕانی کۆمەڵ، تا ئەوکاتەی دەتوانرێت هۆکاری سەرەکی بێت بۆ لابردنی تاعونی هیرۆین).

پێشکەوتن ڕووی دا لە جیهاندا دەربارەی ئەو ناوەندە سەرەکییانەی مادده بێهۆشکەرەکانی تیادا دەفرۆشران، لە ماوەی ساڵی ڕابووردوودا ئەو ناوەندە سەرەکییانەی مادده بێهۆشکەرەکانی تیایدا دەفرۆشرا پەرەیان سەند،

بەتایبەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەمەش هەندێك ئومێدی بەخشی بۆ بەرگریکردن دژی ئالودەبوون بە هیرۆین و ڕێژەی وەرگرتنی هیرۆین بە توندی دابەزی، ئەویش بەهۆی هێرشی زۆری پۆلیسی فیدراڵی بۆ سەر بازرگانەکانی ماددە بێهۆشکەرەکان، بەڵام ئالودەبووان لە جیاتی ئەوەی کۆششێك بۆ دەستکەوتنی ئەو بڕە کەمە لە بێهۆشکەرەکان بخەنەکار، پەنایان بردە بەر ئاڵتەرناتیڤی هیرۆین بە شێوەیەکی دروستکراو، کە پێی دەڵێن میسادوون. هەمان میزاجی بەرزی هیرۆین دەبەخشێت بە کەسەکە، بەڵام لایەنی باشتری هەیە لەو، ئەم میسادوونە لە ڕێگەی دەمەوە وەردەگیرێت، کە مەترسییەکانی گواستنەوەی میکرۆب لە ڕێگەی دەرزیی پیسەوە نامێنێت، هەروەها بۆ ماوەی درێژتر کاریگەریی دەمێنێتەوە، کە دەکاتە پێنج یان شەش جاری ماوەی کاریگەریی هیرۆین، بەمەش بڕی تێچوونی ماددی بۆ سەر ئالودەبوو کەمتر دەبێت، بۆیە وەك شتێکی تێبینیکراو ژمارەی تاوانەکان لە نیویۆرك بە شێوەیەکی ڕاستەوانە لەگەڵ کەمبوونەوەی هیرۆین، کەمی کرد، هەروەها ئالودەبوو لەسەر میسادوون ئەگەر بۆ هیرۆین گەڕایەوە، لەگەڵیدا ناگونجێت، هەرچەندە ئامارەکان ئاماژە دەدەن بەوەی تووشبووانی

میسادوون زیادەڕۆیی لە خواردنەوەی کهول، یان باربیتیوراتەکاندا دەکەن.

ئەم سیفەتانەی میسادوون وای کرد لە بواری چارەسەرکردندا بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕێگەی بەکارهێنانی بدرێت و لە نیۆیۆرك بە نزیکەی ٣٠٠٠٠ نەخۆش درا و چارەسەری نزیکەی ٨٠٠٠٠ی دیکەش بە هەمان ڕێگەکرا، ئەمانەش تەنها بەشێکی سادەبوون لە ٣٠٠ هەزار ئالودەبووی هیرۆین لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، نیوەی ئەم ژمارەیە بە تەنها لە نیۆیۆرك دەژیان.

ئاسانکاریی پۆلیس بەرامبەر بەرنامەکانی چارەسەرکردن بە میسادوون سەرەڕای ئەوەی چەند بڕێك لە میسادوون خرایە بازاڕی ڕەشەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئالودەبووانی پێشتری هیرۆین، بۆ میسادوون بگۆڕێن.

ئەم ئالودەبووانە ڕێگەیان پیێ درا تا ڕادەیەك ژیانێکی سرووشتی بژین و چی دیکە ڕووبەڕووی مەترسییەکانی زیادبوونی دۆزی بێهۆشکەرەکان، یان مردن بە هۆی دەرزیی پیس نەبنەوە، لە فرتوفێڵی بەردەوامی دەستکەوتنی ئەو ژەمە، یان هەستکردن بەوەی

تاکێکی تاوانبارە ڕزگاریان بوو، هەربۆیە دەرکەوتووە ٨٠٪ی زیاتری ئەو نەخۆشانەی بە میسادوون لە لینۆڕگە تایبەتییەکاندا چارەسەریان بۆ دەکرا، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بوونە تاکی بەرهەمهێنەر، بەو مانایەی توانرا لە خوێندنگە، یان ماڵەکاندا کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، لە کاتێکدا ئەو کەسانە پێش چارەسەرکردن، بەرهەمهێنەرەکانیان لە یەك لەسەر سێ تێپەڕی نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەمە بوترێت، بەڵام دەروازەی هیوای والاکرد بۆ ڕزگارکردنی ژیانی نەهامەتیی زۆر کەس.

خەولێخەرەکان کە باربیتیورات دەگرێتەوە، لە بواری پزیشکیدا وەك هێمنکەرەوە و خەولێخەر بەکاردەهێنرێت. (باربیتال) یەکەم باربیتیورات بوو لە ساڵی ١٩٠٣دا دروستکرا، لەو مێژووەوە نزیکەی زیاتر لە ٢٥٠٠ جۆری لێ دروستکراوە، بە شێوەی کلینیکی لێکۆڵینەوە لەسەر کاریگەرییەکانی کرا و ئێستاکە بە پسوڵەی پزیشکی پەنجا جۆریان دەفرۆشرێت.

جیاوازی لە ڕایەکاندا هەیە دەربارەی ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئالودەبوون، د. پیتەر هایز کە پزیشکی نەخۆشییە دەروونییەکانە لە نەخۆشخانەی سانت جۆرج

له له‌نده‌ن: ده‌ڵێت: (باربیتورات به‌ شێوه‌یه‌ك له‌ شێوه‌كان له‌ چوارچێوه‌یه‌كی به‌رفراواندا به‌كارده‌هێنرێت، به‌ ده‌گمه‌ن ڕاپۆرته‌كان ئاماژه‌ ده‌ده‌ن به‌وه‌ی كه‌ به‌هۆیه‌وه‌ ئالوده‌بوونێكی ڕاسته‌قینه‌ ڕوویدات، ڕاهاتن له‌سه‌ر به‌كارهێنانی وه‌ك خه‌ولێخه‌رێكی سووك تێناپه‌ڕێت)، هه‌روه‌ها ئاماژه‌ ده‌دات به‌ ئاستی دڵنیایی له‌ به‌كارهێنانی ئه‌م ئازارشكێنه‌، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ساڵی ١٩٦٤ له‌ ئینگلته‌را زیاتر له‌ ٦ ملیۆن پسوله‌ی پزیشكی سه‌رفكرا بۆ باربیتورات، بێگومان ئه‌م ژماره‌یه‌ ئێستا زیادی كردووه‌، ساڵانه‌ش هه‌زاره‌ها كه‌س به‌هۆی ژه‌هراوی بوون به‌ باربیتوراته‌وه‌ گیان له‌ده‌ست ده‌ده‌ن، چونكه‌ هۆكاری دووه‌می خواستراوه‌ بۆ خۆكوشتن، له‌ دوای گازی خه‌ڵوز، كه‌ هۆكاری یه‌كه‌مه‌.

به‌مه‌ش بێگومان ئه‌م كۆمه‌ڵه‌ حه‌پانه‌، سه‌رچاوه‌یه‌كی مه‌ترسیی شاراوه‌ن، ئه‌وه‌ی ئه‌م مه‌ترسییه‌ زیاتر ده‌كات ئه‌و ڕاستییه‌یه‌ كه‌ ئالوده‌بووانی باربیتورات كولتوورێكی تایبه‌ت به‌ خۆیان دروست ناكه‌ن، كه‌ به‌هۆیه‌وه‌ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌یان بۆ كۆمه‌ڵ ڕوون ناكه‌نه‌وه‌، چونكه‌ ئه‌وانه‌ ده‌سته‌یه‌كی زۆر دیاری ناو كۆمه‌ڵ نین و ژماره‌یان نه‌زانراوه‌، به‌ڵام وایان لێ چاوه‌ڕوان ده‌كرێت

زۆربن، هەروەها تەنانەت بۆ خۆشیان ئالودەبوونەکەیان ئاشکرا نابێت تا ئەوکاتەی کار لە کار دەترازێت، لەدوای ئەوەی دۆزی زۆر وەردەگرن، یان لە کاتی کشانەوە و وازهێناندا گیانیان لەدەست دەدەن.

لەوەدەچێت لەم ساڵانەی دواییدا ئالودەبوون بە باربیتورات لە ڕێگەی دەرزییەوە زیادبوونێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیبێت، ئەمەش ئەو دەگەیەنێت کە گرفتی ئالودەبوونی هیرۆین لە بەریتانیا بە شێوەیەکی ڕێژەیی بۆ پلەیەکی کەمتر دێتە خوارەوە، لەبەر ئەوەی باربیتیورات نرخەکەی هەرزانترە و ئاسانتر دەستدەکەوێت لەوانەیە ژمارەی ئەوانەی بە دەرزی بەکاری دەهێنن لە ٦٠٠٠ - ٨٠٠٠ بەرزبێتەوە و هەڵوێستەکە دەگاتە ئاستی نائومێدی. من خۆم چوار کەس لە ئالودەبووانی باربیتورات دەناسم سەری ساڵی ٢٠٠٣ بەهۆیەوە، گیانیان لەدەست دا.

مەترسیی دەرزیی باربیتورات بۆ سەر تەندروستیی مرۆڤ، زۆر زیاترە لە هیرۆین، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئالودەبوونە خەماوییە بە خێراییەکی تۆقێنەر تەشەنە دەکات.

لەوە دەچێت ژەهراویبوون بە ئالودەبوونی درێژخایەنی باربیتیورات لە ژەهراویی کهولی درێژخایەن بچێت لە ڕووی فەرامۆشکردنی ڕوخسار و تێکەڵاوکردنی قسەکردن و شڵەژان و تێکچوونی باری هەڵچوونییەوە.

ئاسایی ئەم بارانە کە شێوەی لەدەستدانی کۆنترۆڵی هەڵچوون و گۆڕان لە مەزاج لەخۆدەگرێت، کە ئەویش هەستکردن بە خەمۆکییە لە ڕۆژێکدا و پاشان هەستکردن بە خۆشی لە ڕۆژی داهاتوودا. ئەم جۆرە بارە توندانە ئەوەندە ئاشکرایە دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت و ئاشکرا بکرێت، بەڵام بە پلەیەکی کەمتر لە ئالودەبوون و بەم ئاشکراییە نییە، هەروەها نیشانەکانی کشانەوە و وازهێنان لەگەڵ ئەو نیشانانەدا کە بەهۆی دڵەڕاوکێی درێژخایەنەوە یان (فێ)ەوە پەیدادەبن، تێکەڵ دەبن، نیشانەکانی وازهێنان لە باربیتیورات زۆر خراپترە، لەو نیشانانەی بەهۆی وازهێنان لە هیرۆینەوە پەیدادەبن، بە لاوازی و بێهێزی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و لێدانی دڵ دەست پێدەکات، دواتر نۆرەکانی فێ دەست پێدەکات، کە ئالودەبوو وەك تەختە ڕەق دەبێت و لەسەر زەوی دەکەوێت و کەف لە دەمییەوە دێتە دەرەوە، بە ڕاست و چەپدا خۆی

هەڵدەگەڕێنێتەوە، لەم قۆناغەدا هەندێکجار حاڵەتی مردن ڕوودەدات.

ئەگەر ئالودەبوو دوای ئەم قۆناغە ژیا، ئەوا دەچێتە قۆناغی زوهانییەوە و وڕێنە و تێکەڵکردنی قسە و تەمومژە پارانویدییەکانی تێدا دەردەکەوێت. ئاسایی ئەم قۆناغە تا دوو هەفتە دەخایەنێت و هەندێك لە ئالودەبووان بە هۆی شەکەتبوونەوە گیان لەدەست دەدەن، هەروەها هەندێکجار بە هیچ شێوەیەك نیشانەکانی ئاستی کەمتر لە وازهێنان بەوە لێك نادرێتەوە کە حاڵەتی وازهێنانە، بەڵکو بە حاڵەتی زیادبوونی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی، لێك دەدرێتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی بەکارهێنانی زیاتری چارەسەرکردن بە باربیتیورات لە پێناو لابردنی ئەو نیشانانە و ئەمەش ئالودەبوون زیاتردەکات و ئاستی دڵەڕاوکێ بەرزدەکاتەوە. د. سارجنت دەڵێت: (هەندێك لەو نەخۆشانە کە بەدەست حاڵەتەکانی گرژبوون و نائارامیی درێژخایەنەوە دەناڵێنن، بۆ ماوەی چەند ساڵێك لەسەر ئەو حاڵەتەیان دەمێننەوە، چونکە لە ڕاستیدا بە دەست ئەو دۆخە نائارامییە درێژخایەنەوە دەناڵێنن، کە لەئەنجامی بەکارهێنانی باربیتیوراتەوە تووشی بوون، کە خۆیان لە سەر دەستی خۆیان

بەکاریان هێناوە، یان لە ڕێگەی پزیشکەوە وەریانگرتووە، نەك بەهۆی تێکچوونێکی توندی دەمارییانەوە. باری چەند نەخۆشێك خرایە ڕوو کە هەندێکجار دوو یان سێ نەشتەرگەرییان لە بەشی پێشەوەی ناوچەوانە پل بۆ کرابوو، ئەویش بۆ لابردنی ئەو گرژبوونە درێژخایەنانەیان کە لەم دواییەدا ئاشکرا بوو تووشی ئالودەبوونی درێژخایەنی باربیتورات دەبن).

لەوە دەچێت لە هەندێك حاڵەتدا و لە کاتی ماوەی وازهێنان لە باربیتیورات، حاڵەتی دڵەڕاوکێ زیادبکات و لە ڕێگەی گەڕانەوەی یادەوەرییە ئازاراوییەکانەوە زۆر فراوانتر ببێت. ئەم حاڵەتانە لەو نەخۆشانەدا تێبینی کراوە کە تووشی لەبیرچوونەوە بوون بەهۆی تێکچوونی دەماری و لە دوای دەرزیلێدانیان لە ڕێگەی خوێنهێنەرەوە بە ماددەی ئانوربیتال، دەتوانن ڕووداوەکانی ئەو شۆکە بهێننەوە یادەوەرییان کە لە کاتی شەڕدا بەسەریان هاتووە، ئەم حاڵەتانە بە شێوەیەکی بەرفراوان لەسەر مشك لە کارگەکانی کۆمپانیای (ویس) بۆ دەرمان لە فیلادلفیا لێکۆڵینەوەی لەسەر کرا، هەریەکە لە د. شتاین و د. برجر لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجام دا و یەکەمجار مشکەکانیان فێرکرد بۆ ماوەی سەد جار لە پەنجا

چرکەدا لە بۆرییەکدا شلەیەکی شیری بلێسنەوە. هەندێك لەو مشکە ڕاهێنراوانە لە هەمان قەفەزدا مانەوە و شۆکی کارەباییان لە قاچیان دا، پاشان بۆ زانینی ئەو کاتەی کە مشکەکان پێویستیان پێیەتی تاقیکردنەوەکە بۆ سەد جار لستنەوەی شلەکە دووبارەکرایەوە، دەرکەوت ئەو مشکانەی شۆکی کارەباییان لێدان ماوەیەکی درێژتریان ویست بۆ ئەوکردارە، وەك لەو مشکانەی کە ڕووبەڕووی ئەو شۆکە نەکرانەوە. ئەمەی دواییان بەوە لێکدرایەوە کە بە هۆی شۆکە کارەباییەکەوە یادەوەریی ڕاهێنانەکە سەرکوت کرا. ئەگەر هێمنکەرەوەکان ببنە هۆی ئەوەی ترس کەمکەنەوە، ئەوا وەرگرتنیان پێش تاقیکردنەوەی کۆتایی و بۆ زانینی ئاستی پاراستنی یادگارییەکان لەلای ئەو مشکانە کە شۆکە کارەباییەکایان لێ درا، پێویستە سەد جار لیستنەوەکە کەمکاتەوە، بەڵام ئەنجامەکە وادەرچوو هەندێك لەم هێمنکەرەوانە دواخستنی زیاتر کرد و یەکێك لەوانەی بەکارهات ئانوباربیتال سۆدیۆم بوو.

لەمەوە ئەگەری زۆر لە حاڵەتەکانی دڵەڕاوکێی درێژخایەندا دەردەکەوێت، کە د. سارجنت ئاماژەی پێداوە بە هۆی وەرگرتنی باربیتیوراتەوە. ئاشکرایە لە

ئایندەدا دەتوانرێت ڕێگە لە ڕوودانی ئەو حاڵەتانە بگیرێت، ئەویش لە ڕێگەی دوورکەوتنەوەی لە بەکارهێنانی ئەم هێمنکەرەوانە کە دەبنە هۆی تووشبوون بە دڵەڕاوکێ و لەوانەیە دەستبەسەراگرتنی بەکارهێنانی باربیتورات و هێورکەرەوەکانی دیکە پلەی ئالودەبوون کەمتربکەنەوە، هەروەها لەوانەیە ئەم جۆرە کۆنترۆڵکردنە تەنانەت بۆ ئەو حەپانەی دیکەش پێویست بێت کە کاریگەرییان خراپ نییە، وەك حەپە خەولێخەرەکان جگە لە باربیتیورات، چونکە هەرزەکاران لە ناوچە جیاوازەکانی بەریتانیادا لەم دواییەدا پەنایان بۆ ئەم حەپانە بردووە، کە بەدوایدا چەند پەرداخێك بیرە دەخۆنەوە.

یەکێك لە ئەفسەرەکانی پۆلیس لە شاری لیدز دەڵێت: (کاریگەریی ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەرە... ئەو گەنجانە لە دوای بەکارهێنانی ئەو حەپانەوە بیرە بە سەریدا دەخۆنەوە و لە بارێکی شێتیی نیمچە لەهۆشچوون و بێئاگاییدا دەسوڕێنەوە).

وەك ئاشکرایە ئەستەمە وەستاندنی ئەم بەد بەکارهێنانە، چونکە دەستەبەرکردنی بۆ ئەم جۆرە (چێژە) لە کۆمەڵگەی نوێدا هەمیشە دەمێنێتەوە.

لەوانەیە وا پێویست بکات بە هەر ڕێگەیەك بێت بە دەستکەوتنی ڕازی ببین و ببێتە بەشێکی پێویست لە پێگەیشتنی هەرزەکار ئاڵتەرناتیڤیش گۆڕانی کۆمەڵگەیە، بە شێوەیەك وا بکەین هەرزەکار ئەم جۆرە کاریگەرییەی بە هۆی کاری مەشروعەوە دەست بکەوێت.

ئەو گیروگرفتەی کە پەیوەندیی بە وریاکەر و وڕێنە پێکەرەکانەوە هەیە ناگەڕێتەوە بۆ ئالودەبوون، بەڵکو پەیوەندیی بەو ڕەفتارەوە هەیە کە لەژێر کاریگەریی دەرمانەکەدا دروستبووە، یاخود لە دوای ماوەیەکی کەم لە وەرگرتنی.

ئەم وریاکەرەوانە هەر یەك لەئەمفتیامین و کۆکاین و کافایین دەگرێتەوە، ئەمفتیامین بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٨٨٧دا سەری هەڵداوە، لەو کاتەوە لەژێر پانزە ناوی جیاوازی بازرگانیدا کەوتە بازاڕەوە. کاریگەریی ئەم جۆرە دەبێتە هۆی زیادکردنی ئاگایی و زیندەیی، تەنانەت زیادبوونی توانست لە جێبەجێکردنی هەندێك کاری سادەدا، لە شێوەی جیاوازدا بەکارهێنانەکانی زۆر بەرفراوان بوو، بۆ نموونە لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا نزیکەی ٧٢ ملیۆن دانەی بەسەر یەکەکانی

هێزەکانی بەریتانیادا دابەشکرا، بۆ ئەوەی لەو کاتانەدا پێویستی کرد لە ڕووی جەستەیی، یان ئەقڵییەوە سەربازەکان، یان لەوکاتانەدا کە وا پێویستی کرد کۆششێکی تایبەت بخەنەگەڕ، ئەم خەسڵەتەی ئەمفتیامین وادەکات بە تایبەتی هەرزەکاران زیاتر لە ئێستا ئارەزووی بکەن، بۆ نموونە کاتێك هەرزەکارێك ئەو حەپانەی ئەمفتیامین وەردەگرێت، بۆ ئەوەیە بە درێژایی پشووی کۆتایی هەفتە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و سێ شەو بەردەوام بەخەبەر بێت، یان بەئاگابێت. ئەمە خۆی لە خۆیدا هێندە مەترسیدار نییە، چونکە هیچ کاریگەرییەکی ئالودەبوونی مەترسیدار، یان کاریگەریی فسیۆلۆژیی لاوەکیی پێوە دیار نییە. بەڵام ئەوەی مەترسیدارە کاتێك ئەو هەرزەکارە لە بەیانیی ڕۆژی دووشەممە وا پێویست دەکات بەبێ خەو و بەبێ ئەمفیتامین بڕوات بۆ خوێندنگە، یان کارکردن، هەست دەکات شەکەتە، چونکە لە دوای ئەوەی هەموو وزەی خۆی لە ماوەی پشووی کۆتایی هەفتەدا تەواو کردووە، بە شێوەیەك هیچ هۆکارێك لە بەردەمیدا نەماوە بۆ ئەوەی بە هۆیەوە کارەکانی جێبەجێ بکات، تەنها وەرگرتنی حەپی دیکەی ئەمفتیامین نەبێت، ئەمەش وای لێدەکات بە درێژایی هەفتەکە لەسەر بەکارهێنانی

ڕابێت. بەم شێوەیە وزەی خۆی بەکاردەهێنێت تاکو دەگاتە نزمترین ئاستەکان و تەنانەت لەدەستدانی ژیانی، بەکارهێنانی ئەمفتیامین بەم شێوەیە لەوە دەچێت لە زیادبووندا بێت، بەتایبەتی لە بەریتانیا و لەم دواییەدا لە ئەنجامی وەرگرتنی دۆزی زیاتری ئەمفتیامین، دەرکەوت حاڵەتی مردن زیاتر بووە.

ئێستا لە بەریتانیا هەر پزیشکێك دەتوانێت ئەمفتیامین بنووسێت، ئەمەش بە پێچەوانەی هیرۆین و حەپە مەترسیدارەکانی دیکەوە، کە تەنها بەهۆی ژمارەیەك پزیشکەوە لە لینۆڕگە تایبەتییەکاندا دەنووسرێن، لە ڕاستیدا ئێستا ئەمفتیامین بۆ چارەسەرکردنی خەمۆکی و قەڵەویی زۆر بەکاردەهێنرێت، کە دڵخۆشکەرە و ئارەزووی خواردن کەم دەکاتەوە، ساڵی ١٩٦٩ وەك دەرمانی چارەسەر پێنج ملیۆن پسووڵەی لە بەریتانیا بۆ نەخۆش نووسرا، بەڵام لەوەدەچێت ئەو سوودە گەورەییەی لە حاڵەتی قەڵەویی زۆردا نەبێت، چونکە بە وازهێنان لە وەرگرتنی ئەمفتیامین، قەڵەوییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە و وەك خۆی لێدێتەوە، بەڵام بۆ ڕزگاربوون لە خەمۆکی لە لایەن هەرزەکارانەوە پەیوەستە بە بەکارهێنانییەوە و بۆ زیادکردنی بەئاگایی و زیندەیی بەکاردێت و لەوانەیە لەم بارەدا پێداویستییەکی کۆمەڵایەتیی گرنگ تێر بکات.

زۆر بە دەگمەن نەبێت، هیچ بەڵگەیەك لە بەردەستدا نییە ئاماژە بدات بەوەی ئەمفتیامین ڕێبازەکانی دژ بە کۆمەڵگە زیاددەکات، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کە هەرزەکار بۆ ڕزگاربوون لە فشاری کارکردن لەسەری و دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکەدا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەکاری دەهێنێت. ژمارەیەکی کەم لەوانەی ئەم دەرمانە بەکاردێنن نیشانە سایکۆسسییەکانیان[١] لەسەر دەردەکەوێت، بەڵام لە زۆربەی بارەکاندا وا دەردەکەوێت کە بۆ تێکچوونێکی مەترسیدار لە کەسێتیدا بگەڕێتەوە و بە گشتی بۆ زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ئەو حەپانەدا دەگەڕێتەوە.

کارەکە وا دەردەکەوێت کە بڕیارەکانی کۆنترۆڵکردنی کڕین و فرۆشتنی ئەمفتیامین یارمەتیدەر نەبێت لە چارەسەرکردنی گیروگرفتە ترسناکەکانی وەرگرتنی مادده بێهۆشکەرەکان، ئەگەر ئەم دەسەڵاتە بە هێزی یاسا بسەپێنرێت، کە هیچ نەرمییەکی تێدا بەکارنەهێنرێت، ئەوا پاڵ بە هەرزەکارانەوە دەنێت ئەو ڕێگەیانەی دیکە بگرنەبەر، کە بە هۆیەوە ماددەی بێهۆشکەری مەترسیدارتریان لێیەوە دەستبکەوێت.

ئاشکراشە ئەو لایەنە تاوانبارانەی کە ماددەی بێهۆشکەر بە شێوەیەکی نامەشروع دەهێنن، زیاتر قازانج دەکەن ئەگەر کڕیارەکانیان فێری ئەو ماددە بێهۆشکەرانە بووبن، کە دووچاری ئالودەبوونییان دەکات، چونکە ئەمە وایان لێدەکات زیاتر بکەونە ژێر ڕکێفیان و ئالودەبووانیش ڕازین بە بەرزکردنەوەی شێتانەی نرخی ئەو ماددە بێهۆشکەرانە.

کۆکاین لە وریاکەرەوە زۆر بەهێزەکانە و زۆربەی کات ئالودەبووانی هیرۆین وەری دەگرن بۆ سووککردنی کاریگەریی ئەو بێهۆشی و کەمتەرخەمییەی لە هەڵسوکەوتدا کە ئەفیون دروستی دەکات. هندییەکانی ئەمریکای باشوور بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بەکاریان هێناوە و لە ڕێگەی جووینی گەڵای چەند درەختێکی تایبەتییەوە دەستییان دەکەوت، ئەوان بۆ زیادکردنی هێزی بەرگەگرتن لە ڕێگەی هەژاندنی مۆخەوە بەکاریان دەهێنا.

شارلوك هولمز سیخوڕی نهێنیی بەناوبانگ بۆ هەمان مەبەست بەکاری دەهێنا. لەوانەشە وەرگرتنی حەپەکەی بە دۆزی گەورە ببێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی پارانۆیا(٢)، هەروەها کار بۆ تێکدانی ئەو

شانانە دەکات کە بەری دەکەوێت- دەبینین ئالودەبووانی کۆکاین لە ڕێگەی بۆنکردنەوە بەربەستی گۆشتینی نێوان هەردوو کونە لووت لەدەست دەدەن.

ئەم دەرمانە دەشبێتە هۆی ئالوودەبوون، لەبەر ئەوە بە مادده بێهۆشکەرە مەترسیدارەکان دادەنرێت، لەوانەشە هەندێك کاریگەریی خراپی هیرۆین بەهۆی کۆکاینەوە ڕووبدات، کە تێکەڵ بە هیرۆین دەکرێت بێئەوەی ئەو کەسەی وەری دەگرێت ئاگای لێبێت، بۆیە پێویستە توندترین ڕێوشوێن دژی ئەم مادده بێهۆشکەرە بگیرێتە بەر.

هەروەها کافین دەرمانێکە بەکارهێنانی بەرفراوانە و وریاکەرەوەیەکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خواستراوە و لە قاوە و کاکاو و چادا هەیە، لەوە دەچێت نیشانەی ئالودەبوون یان کشانەوە دروست بکات. بە ئاشکرا یارمەتیی لێشاوی بیرهێنانەوە و بیرکردنەوە بە مرۆڤ دەدات، ئەویش لە ڕێگەی هەژاندنی مێشكو دڕکە مۆخەوە، هەروەها ئەگەر مرۆڤ بە دۆزی گەورە وەری بگرێت دەبێتە هۆی خەوزڕان.

لە ڕابردوودا حاڵەتەکانی ئالودەبوون لەسەر کافیین کەمبوون، بەڵام ئەو بڕەی ئاسایی خەڵك لەناو قاوە یان چا یان کاکاودا وەری دەگرێت نابنە هۆی ئالودەبوون.

ئەگەری زیاتر ئەوەیە خواردنەوەی بڕێکی زۆر لەم خواردنەوانە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕوودانی ئەنجامی نائاسایی، کە تووشی نا ئارامیمان بکات، هەرچەندە تائێستا هیچ کام لەو هەرزەکارانەی ب ەشوێن هەژاندنی مێشکدا وێڵن هەوڵیان نەداوە لەم ڕێگەیەوە بەو بارە بگەن و ئەم ڕێگەیەش ئاسانترین و خێراترین ڕێگە نییە بۆ گەیشتن بە میزاجێکی خۆش (ئاستێکی بەرزی میزاج)، هەروەها لە هیچ کاتێکیشدا کۆنترۆڵکردنی کارێکی ئاسان نییە.

دوا کۆمەڵەی ماددە بێهۆشکەرەکان، وڕێنەپێکەرەکانە. ئەگەر بە سەرنجێکی ڕووکەشانە لێی بڕوانین گەورەترین خۆشی بەو کەسانە دەدات کە دەگەڕێن بە شوێن بەرفراوانکردنی ئاسۆی ڕوانینیان بۆ جیهان، چونکە وەرگرتنی ئەم جۆرە بێهۆشکەرە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی وڕێنە و خەیاڵ و گۆڕینی تێڕوانینیان بۆ ژینگەی دەورووبەریان. بەهێزترین جۆری ئەم ماددە بێهۆشکەرانە لە ڕووی کاریگەرییەوە **L.C.D**یە، بەڵام بێهۆشکەرێکی دیکە و بڵاوتر هەیە لەو، کە حەشیشە.

کاریگەریی **L.C.D** زۆر بەهێزە، بە شێوەیەك بیست لەسەر ملیۆنی گرامێك بەشی ئەوە دەکات

کاریگەرییەکی تەواو ببەخشێت، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەو بەشە کەمەی لەم دۆزە دەگاتە مێشك لە ماوەی ٢٠ خولەکدا وندەبێت و نامێنێت، واتا بە چەند خولەکێك پێش دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی بێهۆشکەرەکە. لەوە دەچێت ببێتە هۆی ڕوودانی زنجیرەیەك لە کارتێکردنە کیمیاییەکان لە مێشکدا و ببێتە هۆی دەرکەوتنی کاریگەرییە دەروونییەکان.

لە سەرەتای دەرکەوتنی کاریگەریی بیهۆشکەرەکەدا سەرگرتە هەستییەکان زیاتر بەئاگا و زیندووتر دەردەکەون، هەروەك بڵێی بۆ یەکەمجارە هەستیان پێدەکەین، ئەو سەرگرتە هەستیانە لە یەکتریش جیاجیان، شانبەشانی ئەمانە کردارە لۆژیکییەکانی بیرکردنەوە، دەوەستن و وڕێنەکان دەست بە دەرکەوتن دەکەن، وڕێنە و خەیاڵکردنەوە لەوانەیە وێنەی سادە، یان زۆر قوڵ بن، بە شێوەیەك جیهانێکی تەواو خەیاڵی بن. لەوکاتەدا ئەو شۆکانەی لە سەرەتای ژیانی ئەو کەسەدا ڕوویانداوە دێنەوە یادی، واتا ئەو شۆکانەی کە خەفەکراون یان چەپێنراون و لە یادەوەرییاندایە دێنەوە بیری، لەوانەیە ئەم یادگارییانە بۆ کەسیەتیی دەماری یان سایکۆسیس زۆر مەترسیدار

بێت و لە هەندێك باردا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی سایکۆسیسی تێر و تەواو.

بە وەرگرتنی بێهۆشکەری **L.C.D** تێڕوانین بۆ جیهان گۆڕانی بەسەردا دێت، چونکە دەیبینیت ئەو کەسەی وەریدەگرێت لەژێر کاریگەریی ئەو دەرمانەدا بە شێوەیەکی جیاواز لەوەی لە واقیعدا بینیویەتی، دێتە بەرچاوی.

هەروەها بەشێوەیەکی گشتی دڵەڕاوکێی نامێنێت، بەتایبەتی ئەگەر وەرگرتنی **L.C.D** چەندبارەبووەوە، زۆر جاریش ڕێ دەکەوێت وەرگر یان ئەو کەسەی **L.C.D** وەردەگرێت ئاڕاستە و هەستە قوڵەکانی بەرامبەر بە نزیکترین کەس لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەگۆڕێت. چێژوەرگرتن و چێژوەرنەگرتن لە **L.C.D**دا پشت بە کەسیەتیی وەرگر دەبەستێت، هەروەها ئەو بارودۆخەش کە وای لێکردووە بەو ئەزموونەدا بڕوات، چونکە کەم خەڵك لە چواردەوری یان بوونی ئاڕاستەی نێگەتیڤانە لەوانەیە ببێتە هۆی گەشتێکی زۆر ناخۆش.

دکتۆر ج. تریل ئەزموونی لەگەڵ بەکارهێنەرانی **L.C.D**دا هەیە و دەڵێت: "ئەو کەسەی **L.C.D**وەرگرێت، دەتوانرێت زۆر بە ئاسانی وای لێ

بکرێت ڕەفتاری نیمچە سایکۆسیسی لەسەر دەربکەوێت، ئەگەر خرایە هەڵوێستێکی ناخۆش و ئەستەمەوە و هەستی بە نەمانی ئاسودەیی و دڵنەوایی کرد". لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئەو دەرمانە لە بارودۆخێکی پێچەوانەدا وەرگیرا، لەوانەیە گەشتەکە ئەزموونێکی سەرسوڕهێنەر و سەیر بێت. د. جۆن لیلی لە یاداشتنامەکەیدا بە ناونیشانی (مەڵبەندی گێژەلۆکە) باس لە کاریگەری بەهێزی ئەو بارودۆخە دەکات کە تێیدا دەرمانی **L.C.D** وەردەگیرێت و ئاشکرای دەکات چۆن پاڵنەرەکانی لەناوبردنی خود لە ئەنجامی گەشتێکی خراپی ئەم دەرمانەدا دەورووژێن و کاریگەرییان دەبێت، هەروەها لەو باوەڕەدایە زۆربەی ڕووداو و مردنەکان کە لەژێر کاریگەریی **L.C.D**دا ڕوودەدەن، لە ئەنجامی ئەم پاڵنەرانەوە دروست دەبن.

لەوە دەچێت **L.C.D**نەبێتە هۆی ئالودەبوون، لە واقیعدا بەکارهێنانی ڕۆژانەی دەبێتەهۆی ڕاهاتن لە سەری و لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا ئەم دەرمانە بە هیچ شێوەیەك کاریگەریی نامێنێت، ئەم ڕاستییە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی وردەوە ئاشکرابوو، کە لە نەخۆشخانەی کلینجبتۆن بۆ چارەسەرکردنی ئالوودەبووان ئەنجامدرا، هەروەها ئەوەش ڕوونبووەوە

سێ ڕۆژ دوای وازهێنان لە وەرگرتنی لەلایەن ئەو کەسەوە لەگەڵ هەستیاری بۆ دەرمانەکە ڕادێت. لەگەڵ ئەوەی بێگومان کاریگەرییەکانی چەند هەفتەیەك تەنانەت چەند مانگێك لە دوای وەرگرتنی دوا دۆزی ئەو بێهۆشکەرە، هەر دەمێنێت. ئەو کاریگەرییانە جۆرێك لە (فلاش باك) واتا گەڕانەوە بۆ ڕابووردوو لەخۆدەگرێت، بە شێوەیەکی چەند بارەبووەوە وێنەی ترسناك بۆ ناو بازنەی هۆشی کەسەکە دەگەڕێتەوە، هەرچەندە کەسەکە بە شێوەیەکی خۆویست هەوڵی دورخستنەوەیان دەدات.

نموونەش لەسەر ئەو وێنانە بینینی خەڵکە، هەروەك بڵێی خەرمانەیەك بە چواردەوریاندا هەیە، یان توانای بینین و بەرچاوی لێڵ دەبێت، یان کەسەکە تەنەکانی چواردەوری بە دووانی یان وەك لە ڕاوە دەبینێت، یان سەر ڕووەکان بە شێوەیەکی خواروخێچ دەیبینێت.

یەکێك لەو کەسانە کە ماددەی **L.C.D**ی وەرگرتووە، دەڵێت: "زۆربەی کات خەڵکانی چواردەورم دەبینم وەك ئەوەی خەرمانەیەکی درەوشاوە بە چواردەوریاندا دروستبووە، بەتایبەتی لە لێوارە تاریکەکاندا و هەندێك جاریش ڕەنگی پەلکەزێڕینە

وەردەگرێت، هەروەك لە كاتی وەرگرتنی دەرمانەكەدا دەمبینی، هەندێكجاریش شتەكان وا دەردەكەون بەرەوپێش و بەرەودواوە دەجولێن).

ئاسایی كاتێك ئەم دیمەنانە دێنەوە بەرچاوی كەسەكە و دەگەڕێنەوە یادی لەو ئەزموونانەوە وەری دەگرێت، كە لەكاتی وەرگرتنیدا هەستی پێ كردووە، بۆیە بە دەگمەن نەبێت ئەزموونی نوێیان تێدا نییە، واتا هەر شتە كۆنەكانە دێنەوە بەرچاوی و لەوەدەچێت ڕێژەی بیركەوتنەوە و هاتنەوە بەرچاوی ئەو دیمەنانە و بینینەوەیان زۆربێت، هەرچەندە هیچ ژمارەیەكی دیاریكراویش لەسەر ئەو دیمەنانە نەزانراوە.

مەترسییەكانی بەكارهێنانی **L.C.D**ئەوەندە دەبن ڕێگەبدرێت داوای ئەوە بكرێت لە هەموو جیهاندا ڕێگە لە بەكارنەهێنانی بگیرێت، لیژنەی ماددە بێهۆشكەرەكانی سەر بە نەتەوە یەكگرتووەكان لەم دواییەدا داوای كرد بە هیچ شێوەیەك لە سەرتاسەری جیهاندا ئەم دەرمانە بەكارنەهێنرێت.

لەم دەمانەی دواییدا پاش چەند حاڵەتێك لە مەراسیمی كوشتن و بڕین لەلایەن چەند گروپێك، كە لەژێر كاریگەریی دەرمانی **L.C.D**دا، بینرا. یەكێك لەو

حاڵەتە ناخۆشانە ڕووداوی کوشتنی ژنە ئەکتەری سینەمایی شارون تیت و حەوت کەسی دیکە بوو لەگەڵیدا لە لۆس ئەنجلۆس ساڵی ١٩٦٩ ڕووی دا. یەکێك لە شایەتحاڵەکانی تاوانەکە وتی: "ئەو تاوانە بەهۆی ئەندامانی گروپێکەوە ئەنجامدرا کە بڕوایان وایە مرۆڤ هەموویان بەشی یەکترین، یان بەشەکانی یەکتری تەواو دەکەن. بەم شێوەیە تاك خۆی بەجیا هیچ بەهایەکی نییە و کوشتنی یان لابردنی تاکێك تەنها لەناوبردنی بەشێکە لە خود".

دکتۆر ل. بابلونسکی زانای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سان فرناندو، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ لێکۆڵینەوەی لەسەر (هیبیز)[٣] کرد و بۆ ماوەی ساڵێکی تەواویش لەناویاندا ژیا، لەو باوەڕەدایە ئەم تاوانانە تەنها سەرەتایەکن بۆ کولتوورێکی لاوەکی، کە کولتووری (هیبی)یە و ئارەزووکردنی توندوتیژی لەلایەن گروپە هیبییەکانەوە بەکارێکی ئاسایی دادەنێت و دەڵێت: "هیچ جێگەی سەرسوڕمان نییە، هەروەها لەو باوەڕەدایە دەرمانی **L.C.D** لەوانەیە ببێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێك ئاڕاستەی نیمچە دینی و سۆفیگەری،و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەنجامدانی

سرووتەکانی کوشتن"، هەروەك لە لۆس ئەنجلۆس و زۆر شوێنی جیاوازی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕووی دا.

لەگەڵ ئەوەی چەندەها کەس لەژێر کاریگەریی دەرمانی **L.C.D**دا تاوانی کوشتنیان کردووە، بەبێ ئەنجامدانی ئەو سرووتانەش، نموونە لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە زۆرە، یەکێك لە دەرچووانی زانکۆی نیۆیۆرك ژنەکەی باوکی (باوەژنەکەی) لە ساڵی ١٩٦٦دا کوشت، لەکاتێکدا کەوتبووە ژێرکاریگەری**L.C.D** ، بە شێوەیەك چەند جارێك چەقۆی لە جەستەی ژنەکە چەقاندبوو، لە دواییشدا هیچی دەربارەی تاوانەکەی نەدەکەوتەوە یاد.

یەکێکی دیکە لەو حاڵەتانە کەسێك لەژێر کاریگەریی **L.C.D**دا کەسێکی نەناسراوی لە ئاهەنگێکدا کوشت، ئەو کەسەی نەدەناسی و لەدوای دەمەبۆڵەیەکی بچووك کوشتی و دوای ڕووداوەکەش هیچی دەربارەی ڕووداوەکە نەدەکەوتەوە یاد، هەروەها زۆر حاڵەتی خۆکوژی لەژێر کاریگەریی **L.C.D**یان لە دوای وەرگرتنی بە ماوەیەکی کەم ڕووی داوە، بەڵام ئەم حاڵەتانە زۆر نین ئەگەر لەگەڵ ملیۆنەها کەسدا بەراورد بکرێت، کە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دەرمانەکەدا بە

(ژەمی) دۆزی جیاواز بەکاریان هێناوە. لەبەر ئەوە پێش ئەوەی بە تەواوەتی قەدەغە بکرێت، پێویستە لێکۆڵینەوەی ورد بۆ سرووشتی ڕاستەقینەی کاریگەریی ئەم دەرمانە ئەنجام بدرێت، بە تایبەتی دەربارەی کاریگەریی دەرمانەکە لەسەر وروژاندنی توندوتیژی لەو کەسەدا کە وەری دەگرن. بەهەرحاڵ هێندە بەڵگەی یەکلاییکەرەوە هەن کە وا پێویست دەکات چاودێرییەکی تایبەتی بەکارهێنانی بکرێت، یان بە لایەنی کەم خەڵك لە مەترسییەکانی ئاگادار بکرێتەوە و سەبارەت بەچۆنیەتیی بەکارهێنان و خواردنی ئەو دەرمانە هۆشیار بکرێنەوە تا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان بگیرێت.

یەکێکی دیکە لە مادده بێهۆشکەرە وڕێنەپێکەرە بڵاوەکان حەشیشە (ماریوانا)، کە ماددەیەکی بێهۆشکەری قەدەغەکراوە و لە هەموو ئەوانی دیکە بەربڵاوترە، لە هەر یەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە ژمارەی ئەوانەی تاقییان کردووەتەوە بە دوانزە ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێن و لە بەریتانیادا ژمارەیان ملیۆنێك دەبێت و بە لایەنی کەمەوە ژمارەی ئەوانەی لەسەر وەرگرتنی ڕاهاتوون دەگاتە ٤٠,٠٠٠ کەس، پێویستە ئەوەش لە یاد نەکرێت حەشیشە وێڕای

یاسا توندوتیژە سەپێنراوەکان، لە هەردوو وڵاتدا بڵاوبوونەوەی بەرفراوانە، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەنها بوونی حەشیشە لە لای کەسێك واتا هەڵگرتنی، بە تاوان دادەنرێت، بۆ نموونە لەم دواییەدا خوێندکارێکی زانکۆ کە تەمەنی بیست ساڵ بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتۆمەتی هەڵگرتنی حەشیشە بۆ ماوەی بیست ساڵ حوکمی زیندانی کردنی درا، بەڵام لە بەریتانیا ئەم ماددە بێهۆشکەرە وەك هیرۆین مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، توندترین سزای ١٠ ساڵ زیندانی و غرامەی هەزار جونەیهی ئسترلینییە.

بە دڵنیاییەوە دەربارەی کاریگەرییە ڕاستەقینەکانی ماریوانا (حەشیش) ناکۆکییەکی بەرفراوان لە ڕاکاندا بەدی دەکرێت. ئەگەر پرسیارمان کرد ئایا دەبێتە هۆی ئالوودەبوون؟ ئایا دوای وازهێنانی نیشانەی کشانەوەی توندوتیژی لەسەر کەسەکە دەردەکەوێت؟ ئایا ڕەفتاری ئەو کەسە لەژێر کاریگەرییەکەیدا گۆڕانی توندوتیژی بەسەردا دێت؟ وەڵامەکان بە نەخێر دەبێت، چونکە ئەگەر وابووایە بە حوکمی بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی لە نێو خەڵکدا تێبینی دەکرا. کاریگەرییە جەستەییەکانی ئەم بێهۆشکەرە بریتین لە سوربوونەوەی چاو و

زیادبوونی ئارەزووی خواردن و بەرزبوونەوەیەکی کەمی لێدانی دڵ و وشکبوونەوەی دەم، بەڵام ئەم کاریگەرییانە کەم بایەخن ئەگەر بە کاریگەرییە ئەقڵییەکان بەراورد بکرێن، ئەم کاریگەرییانە دەتوانرێت بە وێنەیەکی لاوازی کاریگەریی **L.C.D** بشوبهێنرێت، بەڵام زیاتر بە لای ئەوەدا دەڕوات تێڕوانینی واقیعییانە بۆ جیهان تێکبدات و دووچاری لادانی بکات لەجیاتی دروستکردنی وێنەی ناواقیعی.

حەشیش کاتێك مرۆڤ بەکاری دەهێنێت هەستێکی خۆشی و لەشسووکی و کەمبوونەوەی بەرەنگاربوونەوەی پێ دەبەخشێت، هەروەها ئاستی درکپێکردن زیاددەکات و ئاڵوگۆڕ لە نێوان دەنگ و وێنەدا ڕوودەدەن، ڕەنگە دەنگ بگۆڕێت، هەروەك لە کاتی وەرگرتنی **L.C.D**دا هەستی پێ دەکرێت، کاریگەریی ئەو بێهۆشکەرە (حەشیش) دەست پێدەکات و لەوەناچێت پەیوەندییەکی بەتینی بە بارودۆخی دەوروپشتی ئەو کەسەوە هەبێت لەکاتی وەرگرتنی بێهۆشکەرەکەدا، بەڵام ئاسایی بە خەمۆکی و پاشان بە نووستن کۆتایی دێت، هەروەها لەوانەیە لە دوای وەرگرتنی دۆزی گەورە لەو بێهۆشکەرە سایکۆسیس ڕوودات، لەوانەیە بە شێوەیەکی تایبەت پاڵنەری

خۆکوشتن پەرەبسێنێت، خەیاڵ بەرفراوان دەبێت و بۆچوونەکان زیاد دەبن، بەڵام توانای چڕیی بیرکردنەوە کەم دەبێتەوە، هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نییە لەژێر کاریگەریی وەرگرتنیدا ئەم بێهۆشکەرە توانای مۆزیکژەنین، یان نیگارکێشانی زیاد بکات، چونکە تاقیکردنەوە سەرەتاییەکان ئاماژە دەدەن توانای کارکردن لە هەردوو ئەو بوارەدا لە ژێر کاریگەریی ئەم بێهۆشکەرەکەدا زۆر لاواز دەبن، هەرچەندە ئەو کەسانە لەو کاتە وادەزانن هەموو شتێك دەخوڵقێنن.

کەواتە لەوە دەچێت دۆزی مامناوەند لەم بێهۆشکەرە ڕاستەوخۆ نەبێتە هۆی دەرکەوتنی شێوەی توندڕەوی لە ڕەفتاری تاك، کە مەترسیی بۆ سەر کۆمەڵگە هەبێت. کاتێك بۆ ماوەی مانگێك ڕێگە بە کۆمەڵێك زیندانیی ئەمریکی درا چەندە ئارەزوو دەکەن لەم بێهۆشکەرە وەربگرن، پاشان لە ناکاو وازیان لە بەکارهێنانی هێنا، هیچ نیشانەیەکی کشانەوە و وازهێنان لەم بێهۆشکەرە و سووربوون لەسەر بەردەوامبوون لە وەرگرتنی، لەسەریان دەرنەکەوت، هەروەها لەسەر ئاستێکی بەرفراوان لە جیهاندا لێکۆڵینەوەی مەیدانیی ورد ئەنجام دراوە و ئەوە نەسەلمێنراوە کە ماریوانا ببێتە هۆی ئالودەبوون،

هەروەها دەرنەکەوتووە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی تاوانباری لەو کەسانەدا کە وەری دەگرن. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر نزیکەی ١٠٠,٠٠٠ تاوان لە شاری نیۆیۆرك لە ماوەی جیاوازدا ئەنجام دراوە و دەرنەکەوتووە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ماریوانا و ئەنجامدانی تاواندا هەبێت، هەروەها هیچ پەیوەندییەك لە نێوان وەرگرتنی ماریوانا و تاوانەکانی کوشتن و سێکسدا دەرنەکەوتووە، لەوەناچێت هیچ نیشانەیەکی وازهێنان لەسەر ئەو کەسە دەربکەوێت کە واز لە ماریوانا دەهێنێت، هەریەکە لە د. ئالنتۆك و د. بومان لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد، کە لەدامەزراوەی نەخۆشییە ئەقڵییەکان لەسەر سایکۆسیس ئەنجامیان داوە، بۆیان دەرکەوت ڕاهاتنی دەروونی لەسەر حەشیش وەك ڕاهاتن لەسەر تووتن، یان خواردنەوەی کهول بەهێز نییە.

بە واتایەکی دیکە ماریوانا (حەشیش) هیچ کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی، یان جەستەیی زیانمەندی نییە، هەریەکە لە مامۆستایان فیلجیت و لفلۆك لە زانکۆی ڕیدنج ئاماژەیان داوە بەوەی کە لە ئەنجامی تێبینیکردنی گشتییەوە دەرکەوتووە نیکۆتین دەبێتە هۆی (ئالودەبوون و کەم کەسیش لە ئالودەبووانی

نیکۆتین دەتوانن بەبێ گەڕانەوە وازی لێ بێنن...) لە کاتێکدا سێرکومتون دەڵێت: "هیچ بەڵگەیەکی بەراوردکاری کۆنەکراوەتەوە بیسەلمێنێت حەشیش زیانمەندە و دەبێتە هۆی ئالودەبوون".

بەڵام لە زۆر وڵاتدا ماریوانا لە هەمان ئاستی هیرۆیندا دانراوە، هەرچەندە لەوەدەچێت تووتن مەترسیدارتریش بێت، چونکە نەخۆشی و مردنەکانی بەهۆی ئالودەبوونی نیکۆتینەوە ڕوودەدەن زۆر تۆقێنەرترن، هەرچی کهولیشە دەفرۆشرێت و بە شێوەیەکی شەرعی بەکاردەهێنرێت. لە بەریتانیا و ویلز ۱۰۰,۰۰۰ حاڵەتی ئالودەبوونی توند لەسەر کحول هەیە و بڕی تێچوونی دارایی بۆ چاودێکردن و بایەخپێدان پێیان بە تەنها لە ساڵێکدا دەگاتە نزیکەی ۱۵ ملیۆن دۆلار، ئەمە وێڕای باسکردنی ۵۰,۰۰۰ حاڵەتی تووشبوون و زیاتر لە هەزار حاڵەتی مردن لە ساڵێکدا لە ئەنجامی خواردنەوەی کحولەوە تۆمارکراون، هەروەها ئەو تێکچوونە جەستەیی و دەمارییەی کە چاکبوونەوەیان ئەستەمە کاتێك دووچاری ئالودەبووان دەبن، بەڵام ڕێکەوت ڕۆڵێکی لاوەکی لە بەردەوام مانەوەی کهول و تووتندا بۆ ماوەیەکی دورروودرێژتر بینیوە و کۆمەڵگەش فێری

ئەوە بووە بەو شێوەیە گوێ بە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەیان نەدات، هەروەها لەژێر کاریگەریی ئەو فشارە توندەی ئەو کەسانەشدا کە دەیانەوێت سوود و قازانجی خۆیان لە فرۆشتنی هەریەکە لە تووتن و کحول وەربگرن، وای کردووە کۆمەڵگە لەم هەڵوێستەی بەردەوام بێت.

ئەگەری ئەوە هەیە هەندێك لە بێهۆشکەرەکان لە کۆتاییدا ڕێگەیان پێ بدرێت و لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە نەکرێن، بەڕاستیش لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا لەوانەیە ماریوانا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، یان لە بەریتانیا شەرعییەتی خۆی بەدەستبهێنێت، هەروەك ماوەیەك کە فرۆشتنی کهول لە ئەمریکا قەدەغەکرا، ڕێوشوێنە پۆلیسییە توندەکان تەنها بوونە هۆی خراپترکردنی دۆخەکە، هەندێك بڕوایان وایە هێرشی بەرفراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە هاوینی ساڵی **١٩٦٩**دا دژی حەشیش، بووە هۆی ئەوەی زۆرێك لە هەرزەکاران پەنا بۆ هیرۆین بەرن و پەتای هیرۆینی لێکەوتەوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا.

ئەگەر جیهان بەرەو کەمال (تێروتەواوی و باڵابوون) ڕۆیشت، ئەوا دەکرێت لە ڕێگەی ڕێوشوێنی

پزیشکییەوە ڕێگە لە بەکارهێنانی ماددە بێهۆشەرەکان بگیرێت، جگە لە مەبەستە پزیشکی، بەڵام جیهان نەگەیشتووەتە کەمال و هیچ کاتێکیش ناگات بە کەمال، چونکە دەتوانرێت ماریوانا لە کێڵگە بچۆلەکان، یان باخچەکانی ناو ماڵان بچێنرێت و دەرمانی **L.C.D**یش دەکرێت لە ژوورەکانی پشتەوە دروست بکرێت، ئەمانە و وێڕای ئەو سوود و قازانجە گەورەیەی کە لە ئەنجامی تاوانی ئالودەبووانی هیرۆین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستدەکەوێت، هەموو ئەمانە وادەکەن گەیشتنی ئەم جیهانە بە کەمال، خەونێکی دووربێت.

بایەخی بەکارهێنانی بێهۆشکەرەکان لە کۆمەڵگەدا و بۆ مەبەستی غەیری پزیشکی، وای کرد هەردوو حکومەتی ئەمریکا و کەنەدا لە کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆڕ بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە کاریگەریی بێهۆشکەرەکان و کێشەی وەرگرتنی حەشیش، لیژنەی تایبەت پێکبهێنرێت، هەردوو لیژنەکە ڕاپۆرتەکانیان لە بەهاری ساڵی **١٩٧٢**دا پێشکەش کرد و تەنها چەند هەفتەیەکی کەم لە نێوان هەردووکیاندا بوو، هەردوو لیژنەکە لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ورد هەموو ئەو

بەڵگانەی لەبەردەستیدابوون هەمان ڕێنمایی کۆمەڵایەتییان پێشکەش کرد.

سەبارەت بە کاریگەریی خراپی ئەم ماددە بێهۆشکەرە کۆکبوون لەسەر ئەوەی بێهۆشکەرێکی زیانبەخش نییە، بەڵگەکان هەرچۆنێك بن ئەستەمە هەر کەسێکی ژێر حەشیش لە کهول بە مەترسیدارتر دابنێت. ڕاپۆرتەکان پێشنیاریان کرد بەکارهێنانی ئەم بێهۆشکەرە ڕێگەپێدراو بێت، بەڵام بازرگانیکردن پێوەی بە تاوان دابنرێت، ئەمەش ناونرا قەدەغەکردنی بەشێکی ئەو ماددە بێهۆشکەرە.

بە دڵنیاییەوە ئەم ڕێنماییانە بە لەبەرچاوگرتنی بەڵگەکان زۆر بە پارێزراوی مانەوە، لە ڕووی پرەنسیپەوە هیچ هۆکارێك نییە بۆ ڕێگەگرتن لە هەرزانفرۆشی ئەم بێهۆشکەرە، بەڵام هەردوو لیژنەکە دژی ئەم ڕایە وەستانەوە و هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕەتکردنەوەیەشیان دەگەڕێتەوە بۆ بەرکەوتنی بەهاکان لە نێوان وەرگران و وەرنەگرانی هیرۆیندا، چونکە لە کۆمەڵگەدا هەرزانفرۆشتنی حەشیش کاردەکاتە سەر ڕێژەیەکی فراوانی کەسانی پێگەیشتوو.

تەنیا **٢٣**٪ی سەرجەمی خەڵك لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەو باوەڕەدان زۆربەی ئەوانەی حەشیش بەکاردەهێنن ژیانێکی ئاسایی دەژین.

وەك ئاشکرایە ئەو کەسەی حەشیش وەردەگرێت، هەر بە ڕواڵەتیدا دیارە کە چ گیروگرفتێکی هەیە، چونکە ئەو کەسە بە بەراورد لەگەڵ هاوولاتییەکی ئاسایی بەویقاردا جێگەی مەترسییە، واتە ئەو کەسەی حەشیش وەردەگرێت وەك مەترسییەك بۆ سەر هاوولاتییەکی ئاسایی حیسابی بۆ دەکرێت، تەنها کات و پەروەردەش دەبنە کەفیلی دروستبوونی ئاراستەی شیاو بەرامبەر بە حەشیش.

کاتێك بە شێوەیەکی تەواو لە وردەکاریی کاریگەریی مادده بێهۆشکەرەکان بۆ سەر مێشك تێدەگەین، لەناو کۆمەڵگەدا گۆڕانی بەرچاو بەسەر پێگەی ئەم ماددانە دێت، لەوکاتەدا دەتوانرێت ئاستێکی بەرفراوانتر و ڕێگەیەکی باشتر لەوەی ئێستا کە لە ڕێگەیەوە دەپێێکیت، یان نائومێد دەبیت، پەیڕەو بکرێت، کە بۆ دروستکردنی بێهۆشکەرەکان دەگیرێتە بەر، هەروەها دەتوانرێت بێهۆشکەرەکان بە شێوەیەك دروست بکرێن کە کاریگەرییان لە

چوارچێوەیەکی بەرتەسکتر لەوەی ئێستا هەیە هەبێت، بەڵام تائێستا بە شێوەیەکی ورد تێگەیشتنی ئاشکرا و ڕوون نییە، کە بێهۆشکەرەکان چۆن کاردەکەنە سەر کرداره ئەقڵییەکان، هەرچەندە نەخشەی گشتی بۆ کارکردن  لەسەر بێهۆشکەرەکان وردە وردە ئاشکرا دەبێت.

ئەو وێنەیەی ئێستاکە هێڵەکانی تێر و تەواو بووە ئەو کرداره سەرەکییەیە کە گواستنەوەی زانیارییەکان لە دەمارەخانەیەکەوە بۆ دەمارەخانەیەکی دیکە دەبات لە ڕێگەی گەیەنەی دەمارییەوە، زانیارییەکان لە ڕێگەی دەمارەخانەوە لە شێوەی بارگەیەکی کارەباییدا و هەر بەم شێوەیە لە خانەکەی دیکەدا بەردەوام دەگوازرێتەوە. لە سەرەتادا بڕوا وابوو گواستنەوەی بارگە لە خانەیەکەوە بۆ خانەیەکی دیکە لەو بۆشاییەوە دەبێت کە هەر خانەیەك لەوی دیکە جیادەکاتەوە لە ڕێگەی گەیەنەری دەمارییەوە، بەڵام هەروەك چۆن گواستنەوەی تەزووی کارەبا ڕوو دەدات، گواستنەوەکە بەم شێوەیە دەبێت.

لە ساڵی ١٩٢١دا ئوتولفین ئاشکرای کرد ئەمە بەهۆی چوونی ماددەیەکی کیمیایی لە ڕێگەی

گەیەنەری دەمارییەوە ڕوو دەدات، ئەم ماددە گوازەرەوەیە لە کۆتایی دەمارەخانەی یەکەمەوە دەردەپەڕێت، کاتێك بارگە کارەباییەکەی پێدەگات لە ڕێگەی ئەو دەمارەخانەی دووەمەوە، کە لێیەوە نزیکە هەڵدەمژرێت و دەبێتە هۆی دروستکردنی بارگەی کارەبایی و لە ڕێگەی خانەکەوە دەڕوات و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

ئەم گواستنەوە کیمیاییەی نیشانەکان بەبێ پچڕان لە هەزارەها ملیۆن دەمارەخانە لە دەماخدا ڕوودەدەن، بەجێهێنانی ئەم کردارە بە شێوە دروستەکەی کارێکی سەرەکییە بۆ بەردەوامبوونی کردارە ئاساییەکانی هزر، وەك ئاشکرایە ئەگەر گواستنەوەی هەندێك لەم نیشانانە بە ڕێگەی گونجاو تێکچوونیان بەسەرداهات، ئەوا گۆڕان لە کردارە ئەقڵییەکاندا دروست دەبێت، هەرچەندە ئەم پەشێوییانە گەورەتر و ئاستی بەرفراوانتر بوو، گۆڕان لە کردارەکانی هزردا زیاتر دەبێت.

لەوەدەچێت گواستنەوەی کیمیایی زانیارییەکان لە ڕێگەی گەیەنەری دەمارییەوە بتوانرێت بگۆڕێت، ئەویش بەهۆی کەمکردنەوە یان زیادکردنی بڕی ماددەی گوازراوەی نێرراو لە ڕێگەی پاڵپێوەنانێکی

کارەبایی تایبەتییەوە، یان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی یان زیادکردنی کاریگەریی ماددەی گوازراوە لەسەر دەمارەخانەکەی دیکە. وا چاوەڕوان دەکرێت کاریگەریی زیادکردنی بڕی ماددەی گوازراوە ببێتە هۆی زیادکردنی بایەخی ئەو کردارە ئەقڵییانەی بەو ناوچەیەوە پەیوەستن، کە لە مێشکدا ڕووبەڕووی ئەو کاریگەرییە بووەتەوە، لە کاتێکدا کەمکردنەوەی دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو بایەخە، هەروەها بڕوا وایە زیادکردنی ئەو کاریگەرییە لە ڕێگەی خواردنی یەکێك لە ماددە وریاکەرەوەکانەوە ڕوودەدات، لەکاتێکدا کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییە بە بەکارهێنانی خەولێخەرەکان، یان ئەفیون، یان وڕێنەپێکەرەکان ڕوو دەدات، بە دڵنیاییەوە ئەم کردارە وردەکاریی زیاتری هەیە و پێویستە ڕوون بکرێتەوە، بەتایبەتی دوای تێگەیشتن لە ڕۆڵی گرنگی دۆخی کەسەکە، یان ئەو ژینگەکەی لە دیاریکردنی کاریگەرییەکانی بێهۆشکەرە جیاوازەکاندا دەیگێڕێت.

یەکێك لە زانینی بواری توێژینەوە ئەوەیە کە ئایا ئەو وڕێنەو خەیاڵانەی بە کاریگەریی **L.C.D** پەیدادەبن پەیوەندییەکی بەتینییان بەو بارانەوە هەیە، کە لە کاتی بێبەشبوونی هەستدا دەبینرێن، بەو

پێودانگەی کاری وڕێنەپێکەر و خەیاڵ دروستکەرەکان کە بۆ کەمبوونەوەی بڕی ماددەی گوازراوە دەگەڕێتەوە، دەبێت ئەو دووبارە لێکچوو بن. پێویستە هۆکاری دەرکەوتنی نیشانەکانی وازهێنان لە حاڵەتی وازهێنان لە ئەفیون و بارپیتیورات و کحولدا ڕوونبکرێتەوە (واتا دەرکەوتنی سەرەتاکانی سایکۆسیس) بڕوا وایە ئەو وڕێنانەی لەو کاتەدا ڕوودەدەن لەوانەیە پەیوەندییان بەوەوە هەبێت کە لە کاتی بێبەش بوون لەخەوتن، ڕوودەدەن و ئەمەش بۆ زیادبوونی ماددە گوازراوەکان دەگەڕێتەوە، کە لەکاتی بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکاندا دەستی دەکەوێت بە بەراورد لەگەڵ کاتی ئاسایی، بێگومان زیادبوونێکی بێشومار لە جوڵەکانی خێرایی چاودا هەست پێدەکرێت لە باری لەرزە سایکۆسیس و نیشانەکانی کشانەوە لە مۆرفین، بەڵام دەرکەوتووە لە باری پارپیتیوراتەکاندا خەونەکان سەرکوت دەکات، بە شێوەیەك ئەو کەسە بۆ ماوەی چەند مانگی داهاتوو قەرەبووی نەخەوتنی ئەو ماوەیە دەکات. ئەوەی گومانی تێدا نییە توێژینەوەکان لەم بوارەدا زۆرن و لە ماوەی دەیەی داهاتوودا بەهۆی پێشکەوتن تێیدا جێبەجێکردنی گرنگ لە بوارەکەدا هێناوەتە کایەوە.

یەکێك لەو جێبەجێکردنە گرنگانەی دەستکەوتنی ئەو بێهۆشکەرانە کە کاریگەرییەکی دیاریکراوییان هەیە و ئێستاکە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، نموونەش توێژینەوە لەسەر فرمانی دەرمانێکی دەروونیی نوێیە، کە پێی دەوترێت **DOET**ی سەر بە کۆمەڵەی وڕێنەپێکەرێکی بەهێزە بە ناوی **STP** و لەم دواییەدا هەریەکە لەم پزیشکانە د. فایاس و د. سیندر و د. فینگارتر بۆ نەخۆشیان نووسی و دەرکەوت ئەم دەرمانە نابێتە هۆی شێواندنی درکپێکردن و کردارەکانی ئەقڵ وەك دەرمانە وڕێنەپێکەرەکانی دیکە دروستی دەکەن، بەڵام هێزی پەیوەندیکردنی ئەقڵی لە کەسەکاندا بەهێز دەکات، بەبێ زیادەڕۆیی لەو ماددانەیە کاریگەرییەکی شازیان هەیە و لەوەدەچێت وەك وڕێنەپێکەرەکانی دیکە لایەنی هۆشداری بەرفراوان بکات، یەکێك لەو خوێندکارانەی بەشداریی تاقیکردنەوەی بەکارهێنانەکەی کردووە، دەڵێت: "لەژێر کاریگەریی ئەو دەرمانەدا هەست بە کرانەوە دەکەم، ڕاستەوخۆ هەرچییەکم دەوێت دەیڵێم... قسەکانم ڕاستەوخۆ لەسەرمەوە دێن بە شێوەیەك ناتوانم کۆنترۆڵیان بکەم".

لەوە دەچێت ئەم دەرمانە سوودێكی گەورەی بۆ ئەو كەسانە هەبێت كە دەیانەوێت بەرامبەر بە گرفتەكانیان ئاشنا بن، هەر ئەم دەرمانە وای لە یەكێك لە خوێندكارە بەشداربووەكان كرد هۆشی بێتەوە و ڕووبەڕووی ئەو ڕێگە نالۆژیكییە بێتەوە، كە بۆ ئایندەی خۆی نەخشەكێشابوو، قسەی لەگەڵ ڕاگرەكەیدا كرد و نەخشەرێگەی خوێندنی خۆی گۆڕی بە شێوەیەك زیاتر واقیعی بوو، هەروەها بڕیاری دا پەنا بۆ چارەسەری دەروونی بەرێت.

وەك ئاشكرایە زۆرێك لەو دەرمانانە لە ئایندەیەكی نزیكدا سەرهەڵدەدەن كە كاریگەرییە توندەكانی دەرمانی وەك L.C.Dو نموونەی وڕێنەپێكەرەكانی دیكەی لێدەرهێنراوە و خەسڵەتە بە سوودەكانی وەك فراوانپێكردنی بازنەی هۆشیاریی تێدا هێڵراوەتەوە، ئەم مادده بێهۆشكەرانە كاریگەرییەكی خێرایان دەبێت و بۆ كاتی پێویست دژەكەشیان هەیە. لەوانەیە خەیاڵ بەرەو ئەو بیركردنەوەیەمان بەرێت، بیر لەو چایخانە و قاوەخانانە بكەینەوە كە بە پێی لیستێكی تایبەتی مادده بێهۆشكەرەكان پێشكەش بە كڕیار و میوانەكانی بكات. سەرەتا ژەمەكانی كردنەوەی ئارەزوو پێشكەش بكرێت كە خۆی لە بەرفراوانپێكردنی

ئاستی ڕوانین بۆ هەمەجۆری دەنوێنێت، پاشان خۆراکی سەرەکیی وڕێنەپێکەرەکانی هەست، لەگەڵ هەستکردن بە هۆشیاریی خود، پێشکەش بکرێت. ئەنجامی وەرگرتنی ئەم ژەمەش ڕوانینێکی ئاشکرا و ڕوونترە بۆ چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداو و کێشەکانی ئەو ڕۆژە، بەڵام گەیشتن بەم بارە کاتی زۆر دەخایەنێت.

شانبەشانی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە بۆ کۆنترۆڵکردنی کەسانی ئاسایی، بەکارهێنانیەتی بۆ ئەو نەخۆشانە، کە نەخۆشیی ئەقڵییان هەیە و پێویستە جڵەویان بگیرێت. بێهۆشکەرەکان لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەهێزیان بینیوە و توانیویانە پەشێوییە ئەقڵییە توندەکان هێوربکەنەوە و پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان نەخۆشەکاندا دروست بکەن، لەم ڕێگەیەشەوە توانیمان لایەنەکانی دیکەی ئەم پەشێوییە شیبکەینەوە، گرنگترین ئەو نەخۆشە ئەقڵییانەی توانیمان لە ڕێگەی ئەم دەرمانە بێهۆشکەرانەوە کۆنترۆڵیان بکەین، شیزۆفرینیا و هەوەس بوو.

شیزۆفرینیا بەوە دەناسرێت کە نەخۆش پەیوەندیکردنی ئاسایی لەگەڵ کەسانی چواردەوریدا دەکشێت و دووردەکەوێتەوە، هەروەها نیشانەکانی

تێکەڵبوونی کردارەکانی بیرکردنەوە و هاتنە بەرچاوی شتەکان و وەڵامدانەوەی هەڵچوونی نارێك و پەشێویی جووڵەکانی ماسولکە و قسەکردنی لەسەر دەردەکەوێت، لەوانەیە هەندێك لەم نیشانانە لەوانی دیکە ئاشکراتر دەرکەوێت، ئەگەر نەخۆشەکە چارەسەر نەکرێت ئەوا نیشانەکان خراپتر دەبن و نەخۆش لە کۆتاییدا لەگەڵ مانەوەی ئەو نیشانانە بە خراپترین شێوە بۆ شیزۆفرینییەکی درێژخایەن دەگۆڕێت، ئەم نەخۆشییە لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە و بە نزیکی لە هەر سەد کەس، کەسێك تووشی دەبێت.

تا بیست ساڵی ڕابردوو تەنها هۆکارێك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا شۆکی کارەبایی، یان چارەسەرکردن بوو بە بێهۆشیی ئەنسۆلین.

ڕێگەی یەکەم بریتییە لە تێپەڕاندنی تەزوویەکی کارەبایی گونجاو کە لەسەر پێستی سەر جێگیر دەکرێت بەناو مێشکدا تێدەپەڕێنرێت. لە ئەنجامدا گرژبوونی هاوشێوەی فێ ڕوودەدات، لە دوای چەند شۆکێکی کارەبایی لەمجۆرە نەخۆش هەندێك لە نیشانە هیلاککەرەکانی لە سەرشان سووك دەبێت، هەروەها دەتوانرێت نەخۆشەکانی شیزوفرینیاش بەم ڕێگەیە

یارمەتی بدرێن بۆ چارەسەر، بەڵام بە پلەیەکی کەم ئەم ڕێگەیە بەکاردێت، هەرچی چارەسەرکردنە بە ڕێگەی بێهۆشکەری ئەنسۆلینە بریتییە لە لێدانی دەرزیی ئەنسۆلین لە نەخۆش بە بڕێکی زۆر و گەیاندنی بۆ ناو خوێن، بە شێوەیەك کە ببێتە هۆی کەمبوونەوەی بڕی شەکر لە خوێندا و بێهۆشبوونی نەخۆش، کاتێك هۆشی دێتەوە کەمتر بەدەست ئەو دڵتەنگی و پەستی و پەژارەییەوە دەناڵێنێت، کە نەخۆشەکانی شیزۆفرینیای توند پێوەی دەناڵێن.

لەم دواییەدا جۆرەها دەرمان دۆزرایەوە کە دەبنە هۆی دابەزاندنی ڕێژەی نەخۆشیی شیزۆفرینیا و گرنگترین ئەو دەرمانانەش (کلوربرومازین)ە، کە یەکێکە لە هێورکەرەوەکان. ڕێژەی سەرکەوتنی ئەم دەرمانە لە حاڵەتەکانی شیزۆفرینیای توندا زۆر زیاترە وەك لە شیزۆفرینیای درێژخایەن، چونکە دەرکەوتووە فرسەتی چاکبوونەوە ڕێژەیەکی زۆرە و لە ماوەی چەند مانگێکدا ٧٠٪ زیاترە، بەڵام شیزۆفرینیا درێژخایەنەکان بەم شێوەیە چاکنابنەوە، گیروگرفتی سەرەکی لەگەڵ نەخۆشیی شیزۆفرینییادا ئەوەیە هۆکارەکەی نەزانراوە، تاکە هۆکار کە لێی دڵنیاین ئەوەیە فاکتەری بۆماوە لە سەرهەڵدانی ئەم

نەخۆشییەدا زۆر زیاترە و چوارهێندی ڕێژەی فاکتەری ژینگەیە(ئەمەش بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە لەسەر دووانە لەیەکچووەکان ئەنجام دراون)، بەڵام ئەم زانیارییە یارمەتیمان نادات بە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ شیزۆفرینیا، چونکە ئەو ڕێگەیەی کە جینەکان بۆ تووشبوون بە شیزۆفرینیا کاری پێدەکەن تائێستا ئاڵۆز و نەزانراوە، لەوانەیە بتوانرێت چارەسەری تەواو بۆ شیزۆفرینیا لە ڕێگەی جینەکانەوە بدۆزریتەوە کاتێك ئەندازەی جینەکان (ئەندازەی بۆماوە) پێشدەکەوێت و دەتوانێت جینی دیاریکراو بەرپرس جیا بکاتەوە و دەستکارییان بکات، لەوانەشە بەدیهێنانی ئەم خەونە هێندە دوور نەبێت، چونکە توێژینەوەکان لەم بوارەدا هەنگاوی گەورەیان بڕیوە، هەروەها ئاشکرابوو لە ساڵی ١٩٦٩دا ژمارەیەك لەزانایانی زانکۆی هارفارد توانییان جینی لاك **LAC** لە بەکتریا جیابکەنەوە، هەرچەندە پێش ئەمەش، بێگومان دەرمانی بەهێزتر لە کلوربرومازین بۆ چارەسەرکردنی شیزۆفرینیا دۆزرییەوە.

کۆمەڵێکی دیکە لە نەخۆشییە ئەقڵییەکان سایکۆسیس ویژدانی یان هەڵچوونییە، ئەویش بریتییە لە ڕوودانی گۆڕان لە میزاجدا، یان بۆ حاڵەتی خەمۆکی

دەگەڕێتەوە کە نەخۆش دڵتەنگ دەبێت و هەست بە فەشەل یان شکستهێنانی تەواو دەکات، یان دووچاری حاڵەتی هەوەس دەبێت، نەخۆشەکە زۆر قسە دەکات و شت دەڵێتەوە (بە کوردیی خۆمان ڕینە ڕینکەر) و گونجان لەگەڵیدا ئەستەم دەبێت.

لەوانەشە نەخۆش لە نێو حاڵەتی هەوەسی خەمۆکیدا بژی، بەڵام سەلمێنراوە شۆکە کارەباییەکان لە چارەسەرکردنی خەمۆکیی توندا سوودی هەیە و لەم دواییەدا دۆزرایەوە کاربیداتی لیسیۆم-یش سوودی هەیە، تەنانەت سەلمێنراوە ئەم دەرمانە کارایی زیاترە لە چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی هەوەسدا.

هەروەها دەرکەوتووە کە دەرمانە هەژێنەرە جیاوازەکان لە حاڵەتەکانی خەمۆکیی سووکدا زۆر ئەنجامی باشی بەدەستەوەداوە، کۆمەڵێکی زۆر لەو دەرمانانە هەیە، بەتایبەتی دەرمانی ئیمیبرامین کە سەرکەوتنی لە نزیکەی ٥٠٪ی حاڵەتەکاندا سەلمێنراوە.

کۆمەڵێك دەرمانی دیکەش هەیە کە زۆر گرنگن و کاریگەرییەکانیان هاوشێوەیە، وەك مونوامین ئۆکسیدیز، کە دەبێتە هۆی دروستبوونی حاڵەتێك لە

بەرەنگاربوونەوە، لەوە دەچێت توخمی کیمیایی لەم دەرمانەدا کاربکاتە سەر مێشك و بە شێوەیەك هەندێك لە ماددە کیمیاییە گوازەرەوەکانی ئەم ماددەیە کە ڕێگە بە تێپەڕینی نیشانەکان دەدات بەناو گەیەنەری نێوان دوو دەمارەخانەدا، تێکدەدات. کاتێك ڕێگە بە ماددەی مونوامین ئۆکسیدەیزی وەستێنەر، یان لەکارخەر، یان کیمیاییە هاوشێوەکانی دیکە دەدرێت بڕواتە مێشکەوە، ئەوا ژمارەیەکی گەورەتر لە نیشانەکانی خەمۆکی ڕێگەی پێ دەدرێت بە مێشکدا بڕوات. بە مانایەکی دیکە حاڵەتی خەمۆکی دەگۆڕێت بۆ حاڵەتێکی ئاسایی یان ورووژێنەر، ئەگەر ئەو ماددە کیمیاییە زیاد بوو کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەرگری نەخۆشییەکە، هەروەها دەرکەوتووە ژمارەیەکی هەمەجۆر لە (مونو ئەمینەکانی ئۆکسیدەیزی) لەکارخەر، یان وەستێنەر کاریگەریی بەهێز و خێرایان لەسەر هەندێك نەخۆش هەبووە، بەڵام دەرکەوتووە هەندێکیان وەك مارسیلید و کافودیل کاریگەریی ژەهراوییان دەبێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەکارهاتن، هەندێکی دیکەشیان دەبنە هۆی تێکدانی جگەر و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی کەسەکە.

ئاشكرایە تێگەیشتنی زیاتری سرووشتی گواستنەوەی نیشانەکان لە ڕێگەی گەیەنەرەکانی دەماخەوەیە و چۆنیەتیی کارکردنی لەسەر کردارەکانی هزر کە دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی تەواوی ئەم جۆرە نەخۆشییە ئەقڵییانە، هەمان تێگەیشتن بۆ حاڵەتەکانی هەوەس ڕاست و دروستە، کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی باش وەڵامدانەوەی بۆ ئەو کۆمەڵە هێورکەرەوە (دڵنیاکەرەوانە) دەبێت کە ئێستاکە هەن، لە واقیعدا هەندێك دەرمانی نوێی وەك سینانسرین و میسیسرجین کاراییان لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بڕی مادده کیمیاییە گوێزراوەکەوە، سەلمێنراوە بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی هەوەس.

هەروەها نەخۆشییە ئەقڵییەکانی کە بەهۆی پزیشکی دەروونیشەوە چارەسەر دەکرێن، زیاتر بایەخ بەو پەستانە دەروونییە دەدەن، کە دەبێتە هۆی تێکچوونی فسیۆلۆژی.

زۆربەی کات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە ئەقڵییەکان پەنا بۆ پزیشکی دەروونی و چارەسەری کیمیایی پێکەوە دەبەین، تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە نەخۆشییەکە ڕەگوڕیشەیەکی ئەندامی دیاریکراوی

هەیە، وەك تێكچوونێك لە مێشك یان پەشێوییەك لە کیمیای زیندەیی لەشدا، لەوانەشە ئەو دەرمانە نوێیانەی کە شارەزایی کەسەکە بەرفراوان دەکەن، سوودیشیان لە پزیشکی دەروونیدا هەبێت.

ئەم دەرمانانە سوودی ڕاستەوخۆیان هەیە کە یارمەتیی پزیشکی دەروونناس دەدەن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە لاتەریك و دوورەپەرێزن، لەم دواییەدا وڕێنەپێکەرەکان بە ڕێگەیەکی سەرپێچیکەرانە بەکاردێت، ئەویش بۆ ئەوەی یارمەتیی نەخۆش بدات بۆ زیادکردنی هۆشیاری بەرامبەر بە خۆی و گیروگرفتەکانی.

دەرمانی**LCD** بە شێوەیەکی تایبەتی و ڕێژەیەکی فراوان بۆ چارەسەرکردنی زۆرێك لە پەشێوییە دەروونییەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بۆ چارەسەرکردنی ئالودەبوون لەسەر کهول بەکارهات، هەرچەندە لەم دواییەدا لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە لێنۆڕگەی لەندەن لەسەر چارەسەرکردنی ئالودەبوونی کهول و بێهۆشکەرەکان بەم دەرمانانە ئەنجامدرا و ئاشکرای کرد جیاوازییەکی کەم لە نێوان ئەو نەخۆشانەدا هەبوو کە بەم دەرمانانە

چارەسەری ئالودەبوونیان لەسەر کهول بۆ کرابوو، بە بەراوردی ئەوانەی کە بەم دەرمانانە چارەسەر نەکرابوون، هەروەك ئەستەمە لە حاڵەتە باوە دەروونییەکاندا توانستی چارەسەرێکی دیاریکراو هەڵبسەنگێنرێت ئەگەر تاقیکردنەوەیەکی کۆنترۆڵکراوی ورد لەسەری ئەنجام نەدرێت و هەروەها لەژێر چاودێرییەکی ورد و بوونی پزیشك و پەرستیاردا نەبێت، هەروەها دەرکەوتووە پشتبەستن بە هەندێك ئاوازی مۆزیکی هێواش کاریگەرییەکی باشیان بۆ سەر دەروونی نەخۆش دەبێت، یارمەتیی نەخۆش دەدەن هەوڵبدات یادگارییەکانیان دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی لێکبداتەوە کە لەژێر کاریگەریی دەرمانەکەدا دەردەکەون، بەڵام لە باری بێهۆشکردن بەهۆی **LCD**یەوە ڕووداوەکان بە خێراییەکی زیاتر تێپەڕدەبن.

د. جون باکمان لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆی فرجینیا چارەسەری ژنێکی ماڵەوەی کرد کە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، ئەم ژنە بەوە ناسرابوو ناکامڵە و سێکس ساردیی هەیە، پێش چارەسەرکردنی لەلایەن ئەو پزیشکەوە، دووجار بە دەست برینی کۆڵۆنەوە ناڵاندوویەتی، د. جون لە بارەی ئەو ژنەوە دەڵێت: "لە ماوەی دانیشتنەکان و پێدانی دەرمان بەو نەخۆشە،

دروستبوونی خەیاڵ لای ئەو ژنە لەگەڵ ڕای قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی-دا تەریب بوو، کە دەربارەی برینی کۆڵۆن ئاماژەی پێدان".

ئەو ژنە نەخۆشە وێنای پەیوەندییەکی نائارامی کرد لەگەڵ دایکیدا لە قۆناغی زووی منداڵیدا، لەگەڵ نەبوونی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و ململانێی هەمیشەیی لە پێناوی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنیدا و بوونی وێنەیەکی خراپی دایك و دروستبوونی جۆرێك لە سادی- ماسۆشی، هەمووی لە کۆتاییدا وایان کرد ئەو کچە گەنجە پابەند و کەسێکی شکستخواردووی لێ دەرچێت، کە بەردەوام توڕەبێت و ناخی پڕ لە ڕق و کینە و نەهامەتی بێت، دوای ماوەیەك لە چارەسەرکردن لە ڕێگەی دەرمانی **LCD**ەوە، کە مانگانە بریتی بوو لە یانزە دانیشتن، ماوەی چارەسەرکردنی  دەروونی ئەو ژنە دوو ساڵ و نیوی خایاند، ئەو ژنە نەخۆشە بە شێوەیەکی تێبینیکراو گۆڕا، توانیی لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا وەك ژنێك پێگەیشتووتر بێت، توانیی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بحەوێت و ئارەزووی بوونی منداڵێکی دەکرد، هەروەها توانیی ئەو ماوە دوورودرێژە خەمۆکییەی ببڕێت و لە

دایکی خۆش بێت و تەنانەت هەست بە خەم و پەژارە بەرامبەر دایکی بکات.

ئەو ژنە لە دوای ساڵێك منداڵێکی بوو، چەند جارێکیش چێژی لە ئۆرگازم وەرگرت. لە دوای هەژدە مانگی دیکە منداڵێکی دیکەی بوو، توانیی بە مەمکی سنگی خۆی شیر بەهەر دوو منداڵەکەی بدات، کاتێك دوای سێ ساڵ لە کۆتایی هاتنی چارەسەرەکردن بینیمەوە، کەسێکی تەواو جیاواز بوو لەو ژنەی دواجار لە ساڵی ١٩٥٨دا بینیم، کەسێکی داناتر و بەویقارتر دەرکەوت.

ئەم دەرمانە بۆ چارەسەرکردنی هەزارەها نەخۆش بەکارهات، بۆیە پێشکەوتن لەم بوارەدا دەبێتە هۆی دەرکەوتنی جۆرەها دەرمانی وڕێنەپێکەری نوێی وەك**DOET**، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێکچوونی توانای درکپێکردن، کە دەرمانی بێهۆشکەری **LCD** دروستی دەکات، بێگومان دەرمانی زیاتر و لە ئاستێکی بەرفراوانتر لەوانەی ئێستا، دێنە ئاراوە و سوودی زیاتریشیان دەبێت، لەوانەیە کۆکردنەوەی هەردوو دەرمانی **DOET** و یەکێك لەحەپەکانی یادەوەری دۆزێکی نمونەیی ببەخشن

به نەخۆش، چونکە دەبێتە هۆی گەڕانەوە و دەرکەوتنەوەی یادگارییە گرنگەکان و لە هەمان کاتدا هاتنەوە یادی ئەو یادگارییانە بۆ کەسەکە نابنە هۆی جێهێشتنی کاریگەریی تێکشکێنەر.

## پەراوێزەکانی وەرگێڕ:

١. نیشانە سایکۆسسییەکانیان: سایکۆسیس نەخۆشییەکە لە ئەنجامی تێکچوونی یەکێك لە پێکهێنەرەکانی کردارەکی بیرکردنەوە و هەستکردن دروست دەبێت، هەرچی نیشانەکانییەتی بریتین لە هەڵوەسە و بیرکردنەوە لە وەهم و تێکچون لەبیرکردنەوە.

٢. پارانۆیا: یەکەم کەس ئەبیقرات بۆ نەخۆشی عەقڵی بەکاری هێناوە، هەندێك شێتی خۆبەزلزانینی پێدەڵێن، پارانۆیا بریتییە لە نەخۆشییەکی دەروونیی درێژخایەن، کە نەخۆش بیر لەوەهم دەکاتەوە و ڕاڤە بۆ بیری خەڵك دەکات بەوەی کە خۆی دەیەوێت.

٣. هیبیز: دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵدا لە شەست و حەفتاکانی سەدەی بیستدا، بەو گروپە گەنجانە دەوترا کە لە نێوان خۆیاندا کێبڕکێیان لەسەر کێشانی مادده بێهۆشکەرەکان و مۆزیکی ڕۆك دەکرد.